ص: ١٠٢-١٢٤ المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# هۆكارەكانی توندوتیژی لای خوێندكارانی قۆناغی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە

پ. ی. د. نظام عبدالجبار حسين
بەشی پەروەردەی هونەری – كۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانكۆی سلێمانی –عێراق
nidham.hussein@univsul.edu.iq

م. ي. كارزان محمد عارف
بەشی زانستە كۆمەڵایەتیەكان – كۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانكۆی سلێمانی –عێراق
Karzan.arif@univsul.edu.iq

**پوختە**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانكردنی هۆكارەكانی سەرهەڵدانی توندوتیژیە لای خوێندكارانی خوێندنگە بنەڕەتیەكانی شاری سلێمانی وپێشنیازی چارەسەرە كان لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧–٢٠١٨)، نمونەی توێژینەوەكە پێكدێت لە (١٧٦) مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی لە هەردوو ڕەگەز كە بەشێوەیەكی هەڕەمەكی هەڵبژێردران لە كۆمەڵگەی توێژینەوەكە لە (١٩) خوێندنگە، (١٠٨) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (٦٨) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ، توێژەران بەمەبەستی كۆكردنەوەی زانیاری پێویست بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەكە پشتیان بەستووە بە فۆرمی ڕاپرسی و توێژینەوەكانی پێشوو كە (٥) بواری جیاواز لە خۆدەگرێت وەك بوارە كانی ﴿ڕاگەیاندن، كۆمەڵایەتی، دەروونی، خێزانی، خوێندنگە﴾ و لە (٤٤) بڕگەی سەرەكی پێكهاتووە، توێژەران دوای ئامادەكردنی ئامرازەكە و دەرهێنانی ڕاستی و جێگیری، هەستان بە جێبەجێكردنی بەسەر نمونەی ئەسڵی توێژینەوەكە لە مامۆستایان، وە پاش شیكردنەوە و بەتاڵكردنەوەی ڕاپرسەكان بە بەكارهێنانی هاوكێشەی ئاماری ناوەندی شیاو و كێشی سەدی و پاشان ڕیزبەندی تەوەرەكان ئەنجامی توێژینەوەكەیان خستۆتە ڕوو:**

1. **هۆكارەكانی ڕاگەیاندن بە تایبەت تەلفزیۆن، پشتگوێخستنی خوێندكار لەلایەن خێزانەكان و خوێندنگەكان كاریگەریی دیاریان هەیە لەسەر سەرهەڵدانی دیاردەی توندوتیژی.**
2. **سزادان و تێنەگیشتنی خێزانەكان، هاوكات كەمتەرخەمی بەڕێوەبەرێتیەكان هۆكارن بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی.**

**ملخص البحث**

هدفت هذهِ الدراسة تحديد أسباب العنف عند طلبة المدارس الأساسية في مدينة السليمانية ومقترحات العلاج العنف للسنة الدراسية (٢٠١٧-٢٠١٨). بلغت عينة البحث (١٧٦) مدرساً ومدرسة تم إختيارهم بالطريقة العشوائية من (١٩) مدرسة و (١٠٨) مدرس و (٦٨) مدرسة، وقد إستخدام الباحثان أداة الإستبيان في البحث الذي يتكون من خمس مجالات مثل (الإعلام، الإجتماعي، النفسي، العائلي، المدارس) وتكون الإستبيان من (٤٤) فقرة في جميع المجالات.

بعد أن قام الباحثان بإعداد الإستبيان ثم إستخراج صدق الأداة وثباتها بواسطة الطريقة الإحصائية، و تفريغها توصلوا إلى عدة نتائج كما قدما مجموعة من المقترحات والتوصيات، وإستخداما مجموعة من المصادر ذات العلاقة بالبحث.

١- وسائل الاعلام و بالأخص( التلفزيون) , اهمال الطلاب من قبل عوائلهم و مدارسهم لهو اهمية كبيرة في اظهار ظاهرة العنف لدي الطلاب.

٢- العقاب و عدم تفهم العوائل مع لامبالاة مداراء المدارس ايظآ تعتبرمن اسباب ظهور العنف.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.4

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


## *Abstract*

The purpose of this research is to determine the reasons for the violence among primary school students in the city of Sulaymaniyah and propose treatment or (solution) to them from the perspective of teachers for the year (2017-2018). The research sample consists of (176) teachers of the primary stage of both genders Where the choice was random in the research community. The research was conducted in (19) schools and (108) male teachers and (68) of female teachers. The researchers collected the necessary and important information for the research based on the form of the questionnaire and the previous researches, which included (5) different felds such as (media, social, psychological, familial, school) in (44) items.

The researchers, after extracting the validity and reliability and preparing the device, they applied it to the real sample (teachers). Then after analyzing and canceling the questionnaire using the mean statistical equations and the percentage weight after the sequence of the axes, they presented the results of the research, saches:

1. Media, especially television, neglecting students by their families and schools is of great importance in showing the phenomenon of violence among students.

2 - Punishment and the lack of understanding of families with the indifference of school administrators are considered the causes of the emergence of violence.


## بەشی یەکەم

## (ناساندنی توێژینەوەکە)

### ١ – ١ : کێشەی توێژینەوەکە:

توندوتیژی بەشێکی هەمیشەی دەردەسەری مرۆڤ ئەنوێنێت و ئەکرێت جێ و شوێنی بە هەموو جۆرە جیاوازەکانی ببینرێت لەسەرتاسەری جیهان، کە زیاتر لە ملیۆنێك کەس ژیانیان لەدەست دەدەن ئەنجامی توندوتیژی و هەروەها زۆرینەی بە دەست لێدان و ئاسەواری توندوتیژی دەناڵێنن، لە لێکولینەوەیەکی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی لە (٢٠٠٢) دا دەری دەخات کە مێژووی مرۆڤ بەدرێژایی ژیان پڕیەتی لە توندوتیژی کە بەشێوازی ململانێی تاك دەستی پێکردووە و بە شێوازی ململانێی کۆمەڵی کۆتایی پێهات، وەك کێشمەکێشی نێوان تاك و خودی خۆی یاخود کێشمەکێشی نێوان تاك و تاکێکی دی یان لە نێوان هەندێك لە کەمینەکان, خێلەکان, یاخود چینەکان یاخود لە نێوان حکومەتەکان و دەوڵەتان. (اليازجي،١٩٩٨: ١٥٧) دیاردەی توندوتیژی بە کێشەیەکی مەترسیدار دائەنرێت لە جیهان کە دووچاری ئاسایشی کۆمەڵگاکان دەبێتەوە و ئەوەی کە لە زۆری مەترسیداری زیاد ئەکات ئەوەیە کە زۆرینەی قوربانیانی بریتیە لە منداڵان.(Finkelhor, 2009: 1) ئەوەی لە مەترسی ئەم کێشەیە زیاد ئەکات دەرکەوتنێتی لە ڕەفتاری منداڵان دژ بە هاوشێوەی خۆیان یاخود دژ بە کۆمەڵگاو کەل وپەلە مادییەکان و ئەو بڵاوبوونەوە فراوانەیەتی کە سەر ژمێریە ڕۆژئاواییەکان دەریان خستووە کە توندوتیژی لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا هەبوون بەڵام لە ئێستادا زۆرینەی دەزگا پەروەردەییەکانی گرتۆتەوە لە ساڵی (١٩٩٩) کە لە ئەمریکا لێکوڵینەوەیەك کرا تێیدا لە (٧٧٪) لە نمونەی وەرگیرابوون هەستیان بە دڵە ڕاوکێ دەکرد دەربارەی سەلامەتیان لە قوتابخانەکان.وە چەند لێکۆڵینەوەیەکی تر دەریان خستبوو کە منداڵان لە ماوەی ساڵێکدا ساڵی (١٩٩٨) نزیکەی (١,٢٠٠,٠٠٠) دووچاری توندوتیژی بوون. (العيسوي، ٢٠٠٧: ٣٢-٣٣)


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.4

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دیاردەی توندوتیژی لە زیاد بوونە بەشێوەیەکی بەرچاو کە زۆرینەی شارەزایانی پەروەردەیی تێبینی تەشەنەکردنی ئەم دیاردەیە دەکەن لە لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر هەزار خوێندکاری سعودی ئەنجام درا لە (٥٠٠) قوتابخانەی جیاواز کەچەندین بەرێوبەرانی پەروەردەیی لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن لە ئامادە کردن و رێخستنی بەشداربوون سالی (٢٠٠٢) زاییی کە (٢٤١) کێشەی هەڵسوکەوت (ڕەفتار) و (٨٢٠) کێشەی خوێندکاران بوو کەتێیدا ڕەفتاری توندوتیژی بە ڕێژەی (٣٥,٢٪) و بە ئاستی هەشتەم دێت بەبەراوورد کردنی بە کێشەکانی تر و ڕێژەی ڕەفتاری دوژمنکاری زۆر بەرز بوو لە قۆناغی ناوەندی بە ڕێژەی (٤٤,٩٪) بە بەراورد کردنی ئەم ڕێژەیە لە قۆناغی دواناوەندی کە ڕێژەکە تێیدا کەمتر بوو (١٧,٥٪) لەکاتێکدا لە قۆناغی سەرەتایی بە ڕێژەی (٣٧٪) (الطيار, ٢٠٠٥: ٣-٤) هەروەها دووبارە بوونەوە و بلاوبوونەوەی توندوتیژی لە نێوان تاکەکان یاخود لە نێوان کۆمەڵەکان، وا لە توندوتیژی دەکات کە بەکارهێنانی ئاسایی و پەسەند بێت بەمەش هاندانی توندوتیژی دەبێتە پێکهاتەیەك لە بنەماکانی دروست بوون لە نێو بیری ڕۆشنبری بەربلاوی چینێك یان کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، بەمەش جۆرێك لە رۆشنبیری دروست دەبێت کە پێی دەوترێت (ڕۆشنبیریی توندوتیژی).(أبو سعود، ٢٠١٠: ٣٢-٩٥)

لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی و بە تایبەت شاری سلێمانی توێژەران ئاشنا نەبوون بە لێکۆڵینەوەی پێشووتر کە ئاماژە بکات بە ڕێژەی بلاوبونەوەی دیاردەی توندوتیژی لای منداڵان ئەمە جگە لەوەی کە ئەم دیاردەیە ڕوونە بۆ هەرکەسێك کە پسپۆر بێت یاخود کەسێکی ئاسایی بێت چونکە دیاردەی توندوتیژی بۆتە بەربلاوترین رۆشنبیری منداڵانی هەرێمی کوردستان و عێراق بەشێوەیەکی گشتی، کە مەترسیەکی زۆر گەورەیە لە پەروەردەکردنی ئەم توێژەی کۆمەڵ، کە چەکی پلاستیکی بە ربلاوترین یاری دەستی منداڵانە کە لە شەقامەکان بە ئاسانی یاری پێدەکەن و بەمەش دیمەنەکە بە جۆرێك دەردەکەوێت کە وەك گۆرەپانی جەنگە. توێژەرانیش وەك کێشەیەکی دیار بە مەبەستی دیاری کردنی گرفتی توێژینەوەکەیان پرسیاری ئەوەیان لەلا دروست بوو ئەبێت ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی توندوتیژی لای خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی و ڕێگای چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە.

### ١-٢: گرنگی توێژینەوەکە:

لە سەدەی ڕابردووەوە گرنگیەکی زۆر دەدرێت بە منداڵ لەلایەن پەروەردەکاران و دایك و باوك و خێزانەکان، وە ئەم گرنگیدانە بە منداڵ لەوەوە سەرچاوە دەگرێت قۆناغی منداڵی گرنگترین قۆناغە کە منداڵ پێیداتێدەپەڕێت لە ژیانیدا، وە چەندین زانیاری و تواناو بەها و هەڵوێست وەردەگرێت، وە ئەم قۆناغە گرنگی تایبەتی هەیە لە لایەنی کۆمەڵایەتی وە هۆکاری بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەش لە بەرەو پێشچوونی قۆناغی بنەڕەتیەوە دەست پێدەکات، بە ئامانجی ئامادەکردنی تاکێکی سود بەخش بۆ کۆمەڵگە (قطامي و برهوم، ١٩٨٩: ١٨ – ١٩)

توێژەران بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژیەنەوەیە، لێرەدا هەوڵ دەدەن بەچەند خاڵێگ لە گرنگی توێژینەوەکە بدوێین:

١-٢-١: گرنگە بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەتا کار لەسەر دەرئەنجامەکانی بکات، بە وشیارکردنەوە و پەرەپێدانی خول و پرۆگرامە پەروەردەییە هاوچەرخەکان، بە مەبەستی کەمکردنەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی توندوتیژی.

١-٢-٢: گرنگە بۆ بەرێوەبەرایەتی پەروەردە و خوێندنگە بنەڕەتیەکان و مامۆستایان، وەك بەرچاو ڕوونیەك بۆ ناسینی ئەو هۆیانەی دەبنە سەرهەڵدانی توندوتیژی لای خوێندکارانی ئەو قۆناغە.

١-٢-٣: گرنگە بۆ دایك و باوکانی خوێندکاران ئاگادار بوونیان لەو هۆیانەی دەبنە هۆی توندوتیژی و دورگرتنی منداڵەکانیان لێیان.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.4

**١-٢-٤: گرنگە وەك لێكۆڵینەوەیەك، لە دیاردەیەكی باوی كۆمەڵایەتی وەك (توندوتیژی) لە قۆناغێكی هەستیار و گرنگی تەمەندا.**

**١-٣: ئامانجی توێژینەوەكە:**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لە:**

**١-٣-١: دەستنیشانكردنی هۆكارەنی توندوتیژی لای خوێندكارانی خوێندنگە بنەڕەتیەكانی سلێمانی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە.**

**١-٣-٢: خستنە رووی پێشنیاز و چارەسەریەكان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە بۆ كەمكردنەوەی دیاردەی توندوتیژی لای خوێندكاران.**

**١-٤: سنوری توێژینەوەكە:**

**هۆكارەكانی توندوتیژی لای خوێندكارانی خوێندنگە بنەڕەتیەكانی شاری سلێمانی لە تێڕوانینی مامۆستاكانیانەوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧ – ٢٠١٨)**

**١-٥: پێناسەی زاراوەكان:**

**١-٥-١: هۆكار:**

**بریتیە لە كۆمەڵە هۆكارێكی تایبەت لە ڕێكخستن و بەستنەوەیان بەیەكتر، بە كۆمەڵە فاكتەرێك لە كۆمەڵگە بۆ ڕوودانی ئەنجامێك.(الدوري، ١٩٨٤: ٦)**

**یاخود كۆمەڵێك لە فاكتەری شێوازی كۆمەڵایەتی وەك ژینگە و هاوڕێ و قوتابخانە و گەرەك وئەمانە هەموویان هۆكارن بۆ دروستبوونی پاڵنەرو هەڵسوكەوتی تاوانكردن لای تاكێك لە كۆمەڵگا.(أبو حمید،٢٠٠٣: ٦)**

**توێژەران پێناسەی دەكەن بەوەی: كە كۆمەڵە شتێكن لە ئەنجامی بوونی پەیوەندی نێوانیان دەبنە هۆی ڕوودانی ڕەفتارێك.**

**١-٥-٢: توندوتیژی:**

**وشەی توندوتیژی بنچینەكەی لە زمانی عەرەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ كرداری (ع،ن،ف – عنف ) ئەوترێت (عنف) بە واتای توندوتیژی پێكراو. یان توندوتیژی بەسەردا ئەكرێت. (عنفاَ) واتا توندوتیژیەك , (عنافه لم یرفق) بە واتا توندوتیژیەك كە بەزەیی تێدا نەبێت. (البستاني، ١٩٩٧: ٦٣٨)**

**(العقاد، ٢٠٠١) پێناسەی دەكات كە توندوتیژی: بریتیە لە كاردانەوەیەكی ڕەفتاری كە خویەكی هەڵەشەیی زۆرە دەبێتە هۆی كەمبوونەوەی ئاستی بیركردنەوەو بینین.(العقاد، ٢٠٠١: ١٠٠)**

**ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی (٢٠٠٢) پێناسەی توندوتیژی دەكات بەوەی بریتیە لە (بەكارهێنانی هێزە هەمەجۆرە فیزیاییەكان) مادی یاخود توانای بەكارهێنانی هەڕەشە یان بەكارهێنانی هێزی ڕاستەقینە دژی خودی خۆت, دژی كەسێكی دی, یاخود دژی كۆمەڵێك یان كۆمەڵگایەك كە دەبێتە هۆی ڕودانی یاخود ئەگەری ڕودانی برینداربوون یان مردن یان ئازاردانی دەروونی. (منظمة الصحة العالمیة، ٢٠٠٢: ٥)**

**(عبدالمحمودوالبشیری٢٠٠٥) پێناسەی دەكەن بەوەی توندوتیژی: ڕەفتارێكە یان هەڵسوكەوتێكە كە بەكارهێنانی هێزە بە دەستدرێژی كردنە سەر كەسێك بە بێ ویستی كەسی قوربانی، یاخود بەرپەرچ دانەوە یان ڕەتكردنەوەی لەلایەن كەسی لێدراو، یان ئەنجامدانی كردەوەیەك, قسەیەكی نەگونجاوكە هەستی بەرامبەر ئازار بدات و ببێتە هۆی دروستبوونی زیانی جەستەیی ودەرونی و كۆمەڵایەتی.(عبد المحمود و البشري، ٢٠٠٥: ١٣)**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.4

پێناسەی توێژەران بۆ توندوتیژی: بریتیە لە هەڵس و کەوتێك یان نواندنی ڕەوشتێکی نەشیاو و توند ئامێز و شەڕەنگێز بەرامبەر کەسێك یان شتێك، کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە کەسەکە لە لایەنی دەرونی و جەستەییەوە.

**١-٥-٣: قۆناغی بنەڕەتی:**

بریتیە لەو قۆناغی خوێندنەی کە دادەنرێت بە بناغە و تەواوکەری خوێندنی ئامادەیی و زانکۆ، خوێندکار ماوەی (٩) ساڵ تێیدا دەخوێنێت و لە تەمەنی (٦-١٥) ساڵیدایە، کاتێك خوێندکار لەو قۆناغە دەردەچێت بروانامەی بنەڕەتی پێدەبەخشرێت.

**بەشی دووەم**

**(پێشینەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو)**

**٢-١: توندوتیژی چیە:**

وشەیەکە مانای ئازاردانە نەدارایی و دەرچوو لە جێی خۆی و دەست درێژی, لە بنچینەوە ئەگەرێتەوە بۆ ووشەی یۆنانی (Violence ) کە بە مانای تایبەتمەندی توندوتیژی و دڕندایەتی و هێز دێت , توندو تیژی ناوێکی (مشتق) لە بکەری (Violence) کە مانای دەستدرێژی دێت. (ینتهك)(یدنس)و هاتووە (مختار ١٩٩٩) کۆمەڵە پێناسەیەکی بۆ کراوە لەوانە پێناسەی(Bass) کە ئەڵێت ئەم ڕەفتارەیە ئەو کەسە دەری ئەبڕێت بە وشە یان لاشەی یان مادی ئاشکرا بێت یان ناوەکی, ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت, وە لەسەر ئەم ڕەفتارە زەرەری لاشەیی یان مادی لێی دەبێتەوە بۆ کەسەکە خۆی یان کەسانی کەو (برکوتز) پێناسەی دەکات ئەو ڕەفتارەیە کە لە ئەنجامی گەیاندن و ئازار بەچەند کەسانێك (برترام) پێناسەی دەکات بە ئەو ڕەفتارەی کە کەس یان کۆمەڵە کەسانێك دەری دەبڕێت بە مەبەستی ئازاردانی کەسانی دیکە. (مختار, ١٩٩٩: ٥٩) توندتوتیژی پێشدەکەوێت لەگەڵ گەشەکردنی منداڵ و لێی دەردەکەوێت بە نزیکی لە تەمەنی دوو ساڵی لە وێنەی توندوتیژی بەرانبەر بە یاریەك یان هەر بابەتێك توشی تێکشانی بکات و ئەم جۆرە پێی دەوترێ توندوتیژی هۆکاری دیار، دواتر پێش دەکەوێت هەتا دەبێتە ڕەفتاری لەگەڵ هەموان و شێوەی توندوتیژی زمانی وەکو جنێودان و سوکایەتی کردن و توندوتیژی لاشەیی وەکو لێدان و ئازاردان وە ئەم ڕەفتارە لە نێوان(٤-٦) ساڵی دەردەکەوێت وە لەگەڵ منداڵاندا گەورە دەبێت هەتا ئەبێتە ڕەفتارێك لەگەڵ هەموو کەسێك یان منداڵان یاخود کومەڵگەدا بەکاری دێنیٚ.(Paul, 1990: 467)

زاراوەی توندوتیژی, هەستێکی ناخۆش لە ناخی ئەوکەسانەدا دروست دەکات, کەبەدرێژایی قۆناغی منداڵی, لەلایەن هاوپۆل و هاویارییەکانیانەوە گاڵتەیان پێکراوە وپەراوێزخراون. گاڵتەپێکردنێکی سادە, ڕەنگە کاردانەوەیەکی وەك توندوتیژی جەستەیی یان زارەکی لێ بکەوێتەوە, بەپێی هەواڵێکی (کۆمەڵگەی میللی دەروونناسانی ئەمەریکا) لە هەر حەوت خوێندکارێکی ئەمریکایی, یەکێکیان قوربانی توندوتیژین، تەمەنی ئەم منداڵانەش ڕەنگە لەنێوان (٢-٣) ساڵان بێت, هەرزەکاری لە نێوان ئەم دوو قۆناغەی تەمەندا بێت. منداڵانی توندوتیژی خواز هەوڵدەدەن لەڕێگای جەستەیی یان زارەکی زاڵبن بەسەر منداڵانی تردا. ئەوان ڕەنگە تورە و نائومێدبن لە خۆیان ونەتوانن مامەڵەیەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەو هەستانەیاندا بکەن وڕەنگە ئەو ڕەفتارە توندوتیژخوازانەیان لەنمونەی ڕەفتاری کەسێکی تایبە تەوە فێربووبن. ئەوان بۆ ڕزگاربوون لە حاڵەت و دۆخە نەخوازراوە دەروونیەی خۆیان, پەنا بۆ ئازاردانی کەسانی تر دەدەن. بەداخەوە کە ئەم جۆرە منداڵانە توانا و زیرەکی یەکی سەیریان لە هەڵبژادنی قوربانیەکاندا هەیە. ئەوان هەمیشە قوربانیەکانیان لەنێوان کەسانی گۆشە گیرو بێ ناو نیشاندا پەیدا دە کەن، توندوتیژی لە نێوان منداڵاندا ڕەنگە ڕوداوێکی کارەساتباری لێبکەوێتەوە، توندوتیژی بە خویەکی زوو لە ناوچووی منداڵ دادەنێن وهیچ گرنگی یەکی پێنادەن.

بە گشتی ئەو منداڵانەی سوکایەتی و گاڵتەیان پێدەکرێت, وا ئامۆژگاری دەکرێن (گوێی مەدەرێ), بەڵام مەسەلەکە هەروا ئاسان نییە, توندوتیژی دەتوانێت کاریگەرییەکی خراپ و کوشندەی لە ژیانی منداڵانی قوتابخانەدا هەبێت. (نامارا، ٢٠١٠: ١٠)

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**٢–٢: دەرکەوتنی دیاردەکە بەپێی ڕەگەز (نێر و مێ):**

قۆناغی هەرزە کاری کەقۆناغێکی هەستیارو گرنگە لەژیانداو سەراپا پڕە لەگۆڕانکاری خێراو یەك لە دوای یەك لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا هەریەك لە ڕەگەزی نێرومێ (کوڕ و کچ) لە نواندنی ڕەفتارە کاندا هەرجۆرێك بن شـێوازی تایبەت بە خۆیان هەیە لە دەربڕینیاندا بە گشتی دیاردەی توندوتیژیش یەکێکە لەوانە. بەڕای (**سۆزان جەمال**) لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەلات بە گشتی و لە کۆمەڵگەی ئێمە بە تایبەتی هەرزەکاری کوڕ بەوە جیادەکرێتەوە کە توندوتیژی زیاتر دەنوێنێت, بەلام پێی وایە ئەم نواندنە خەسڵە تێك نیە کە لە بایۆلۆژی هەرزەکاری نێردا بوونی هەبێت، بەڵکو دەشێت بە برێکی دیاری کراو هەبێت هەرچەندە غەریزەکە لەنێردا زیاترە وەك لە مێ هەروەك ئەمە سروشتی زۆربەی گیاندارانی تریشە بۆ نمونە کۆتر بەوە دەناسرێتەوە کە نێرەکەی لە مێیەکەی توند وتیژترە.(جمال، ٢٠٠٩) هەروەها لەبەر ئەو ئازادیە زیاترەی کە بە کوڕ دراوە و ئەو دەرفەتەی بۆی دەرەخسێت دەشێت دیاردە کە زیاتر لە کوڕدا دەردەکەوێت سەرەڕای پەروەردەی خێزانی کە ئەم خەسڵەتەی بەڕوونی تێدا بەدی دەکرێت، کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە و واقیعی ژیان دەرکەوتووە کە زیاتر کوڕ جۆرە ئازادییەکی هەیەو لە پاڵ گۆڕانە جەستەی و فسیۆلۆجیەکانی لە ڕێی غەریزەی تایبەتەوە و دیاردە کە دەردەبڕێت و هەستی پێ دەکرێت لەهەمان کاتدا هەرزە کاری کچ لە ئەنجامی خەفەکردنی ئارەزووەکانی و پەسەند نەکردنی لە کۆمەڵگەدا بەرێژەیەکی دیاری کراو و زۆرجار لەبەر نەبوونی دەرفەتی گونجاو دیاردەکانی قۆناغەکە بە گشتی و دیاردەی توندوتیژی بە تایبەتی ئەچەسپێنێت (الکبت) ی ئەکات، کەئەمە دوورنیە لە قۆناغەکانی داهاتوودا زیانی گەورەتری هەبێت و تاکی کچ پەنا بۆ زۆر شتی لە یاسا لادەرو نەگونجاوی کۆمەلآیەتی ببات لەنمونەی خۆکوشتن. (داکو بیر، ١٩٨٨: ٤٠)

**٢–٣: هۆکارەکانی پەیدابونی دیاردەی توندو تیژی لە قۆناغی هەرزە کاری:**

دیاردەی توندو تیژی و پەیدابونی لەم قۆناغەدا بەستراوە بەچەندین هۆکاری جیاواز کە بە پێی جۆری کۆمەڵگەکان جیاوازن لە کۆمەڵگە و خێزانە کانی جیهان بە گشتی و ڕۆژهەلات بە تایبەتی بە هۆی چەند هۆکارێکی تەقلیدی وەکو داب و نەریت و نەخوێندەواری ناهۆشیاری و سیستەمی باوك سالاری بە شێوەیەکی گشتی جۆرێك لە توندو تیژی فێری مندالٚ و هەرزە کار دەکات کە ڕەنگدانەوەی واقعی ژیانی خێزانیە بە سەریانەوە:

**گەر چی هۆکارە کان جیاوازن و زۆرن بەلاّم ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە لە گرنگترین هۆکارەکانی دروست بونی دیاردەی توندو تیژین لە قۆناغی هەرزە کاریدا:**

**٢–٣–١: ڕەوشتی کەسێتی تاك:**

تاکەکان لە زۆربەی ڕەفتارو سروشتیاندا ئەو هۆکارە خودییە کە دەبێتە هۆی دیاردەی توندوتیژی و هەست کردن بە شکست و لاوازی متمانە نەکردن بە خۆو سروشتی قۆناغی هەرزەکاری کە سەراپای بریتییە لە شانازی کردن بە توانای کەسێتی خۆیەوە لەوانەیە زۆرجار ببێتە هۆی ڕەفتاری توندو تیژی لە سەرحسابی کەسی بەرامبەر یان یاخی بوونی هەرزەکار لە سروشتی ژیان و کۆمەڵگە پەیوەندی کردن بە گروپە یاخییەکانەوە هەروەها نەبوونی توانای ڕووبەڕوو بونەوە لە کاتی تێر نەبوونی پێداویستیە کانیدا.(محمدو سلیم، ٢٠١٠: ١٠٠)

**٢–٣–٢: خێزان:**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.4

خێزان وەك یەكەمین ژینگەی تاك دەوری كاریگەر و باڵای هەیە لە سەرجەم هەڵسوكەوتەكانی هەرزەكاردا، هەر لاوازییەك یان نوقسانییەك لە خێزاندا ڕەنگدانەوەی لە سەر ژیانی هەرزە كار هەیە، وەكو ناز پێدان یان پەراوێز خستنی دایك و باوك و ئەندامی خێزان بۆ هەرزە كار یان ناكۆكی و توندوتیژی نێوان دایك و باوك و ئە ندامانی خێزان ئەمانە هەمووی ئەبنە هۆی ڕەفتاری توندوتیژی لە هەرزەكاردا. ( قەرەچەتانی، ٢٠٠٩: ٤٥٢)

### ٢-٣-٣: هاوڕێ:

هاوڕێ لە قۆناغی هەرزە كاریدا یەكێكە لە وێستگە گرنگەكانی ژیانی تاك بە پێی سروشتی قۆناغەكە كە هەرزەكار پێیدا تێدەپەڕن كاریگەریان لە یەكتر هەیە بە تایبەتی ئەگەر هاوڕێ لە خێزانێكی لاوازو شەڕانگێز بێت وە هەوڵی تێركردنی پێداویستیەكانی بدات لەسەر حسابی لایەنی بەرامبەر كە ئەوە ئەبێتە هۆی نواندنی توندوتیژی كە هەندێكجار لە ئەنجامی لاسایی هاوڕێ بۆ هاوڕێ.

### ٢-٣-٤: پرۆگرامی خوێندن و ژینگەی قوتابخانە:

قوتابخانە وەك ماڵی دووەمی هەرزەكاران دەورێكی كاریگەرو دیاری هەیە لە پەروەردەكردنی هەرزەكاردا، چڕی پرۆگرام و داستانی پڕ لە جەنگ و توندوتیژی لەوانەكانداو كەسێتیەكی توندوتیژ خواز بەرهەم دەهێنێت سەرەڕای ناهۆشیاری مامۆستایان ونەبوونی زانیاری لە سەرهەستیاری قۆناغی هەرزەكاری و هەروەها لاوازی چالاكیەكانی قوتابخانە بەتایبەتی چالاكی هونەری و وەرزشی كە ئەبێتە هۆی خاڵی كردنەوەی توانا وهێزی هەرزەكار لەم جۆرە چالاكیانەدا كە ئەمانە هەمووی ئاكامێكی سلبی لە سەر ڕەوشتی هەرزە كاردا دروست دەبێت و كارەساتێكی وا ئەخولقێنێ كە هەندێجار قوتابخانەكەش ئەبێتە قوربانی و كاریزمای توندوتیژ پەروەردە دەبێت تیایدا .(محمد و سلیم، ٢٠١٠ : ١٠)

### ٢-٣-٥: كۆمە ڵگە:

ژینگەی كۆمەڵایەتی ڕۆڵێكی بەرچاو دەگێرێت لەچۆنێتی هەڵسوكەوت كردنی تاك بە گشتی و هەرزە كاران بە تایبەتی بەڵام فەرامۆش كردن ولاوازی پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان و بوونی داب و نەریتی كۆن ڕێگرن لە بەردەم خستنە ڕووی تواناكانی هەرزە كاردا كە ئەمەش وا دە كات هەرزە كار زۆربەی كاتەكانی دەست بەتاڵ بێت و بیری بۆ چەندین ڕەفتاری خراپ و نەشیاو بچێت لە نێوانیشیاندا ڕەفتاری توندو تیژی بەرامبەر بەها كۆمەڵایەتی و یاساییەكان ئەنجام بدات.

### ٢-٣-٦: پێشكەوتنی تەكنە لۆجیا:

لەدوای كرانەوەی جیهان بە ڕووی یەكتردا و گۆڕینەوەی بەهاو دروست كراوە كانی یەكتر لە ئەنجامی پێشكەوتنی زانست و تەكنەلۆجیا و چەند ئامێرێكی وەك مۆبایل و سەتەلایت وكۆمپیوتەر...هتد. هاتەكایەوە گەرچی ئەمە سودێكی زۆری هەیە و ئاسانكاری لە سەرجەم بوارە كاندا كردووە بەڵام لە ئەنجامی ناهۆشیاری تاكی هەرزەكار ئەم ئامێرانە بە شێوە یەكی خراپ (Negative) بەكار دەهێنرێت و هێرشیان پێدەكرێتە سەر یەكتر تا لە ئەنجامدا توندوتیژی دەروونی یان مەعنەوی لێدەكەوێتەوە. (فقیهی، ٢٠٠٨: ٢٥)

## ٢-٤: تیۆرەكانی توندوتیژی و دوژمنایەتی و شیدەكردنەوەیان بە وێنەی جیاواز:

### ٢-٤-١: تیۆری ڕاڤە كردنی وەرگێراو:

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لێرە مەبەســت نیە لە وەرگرتنی توندوتیژی بە واتای وشــەیی بەڵکو وەرگرتنی فاکتەرە یان کۆمەڵی فاکتەر وا لە مرۆڤ دەکات زیاتر ئارەزووی و ئامادەیی توندوتیژی تیابێت و لە تیۆرەکانی شیکردنەوەی وەرگیراوەکان:

**٢-٤-١-١: تیۆری فرۆید:**

ئەم تیۆرە دەڵێت کە توندوتیژی و دوژمنایەتی غەریزەیە (ڕەمکە) کە دروســتکراوەکان لە دایك دەبن لەوانەش مرۆڤ تێیدایەتی چونکە مرۆڤ کە لەدایك دەبێت بە دوو کۆمەڵەی یەکگرتوو و تێکەڵ لە ڕەمك ئەبێت:

یەکەم ڕەمکی خۆشەویستی و ژیان و هەموو ڕەمکە سێکسیەکان و ڕەمکی (الأنا) و فرۆید ناوی نا (ئیرۆس) بەڵام دووەم ڕەمکی مردن کە ئامانجی هەڵوەشــاندن و کۆتایی هێنانی ژیان و ناوی ( پانتۆس)ی لێنا، ئەم جۆرە لە ڕەمکەکان ئەگەر ڕونەکاتە دەرەوەی کەســەکە ئەو لەوێنەی توندوتیژی و دوژمنایەتی و تێکدان دەرنەکەوێت بۆیە زۆرجار پێی دەوترا (ڕەمکی تێکدان) لایەنێکی تر هەیە بۆ شیکردنەوەی ڕەمکی دوژمنایەتی بە پشت بەستن بە فرۆید ئەویش زاڵبونی یاری کردن لە سەر کەسایەتی لە ڕێگای بوونی یاری کردنە لەســەر هەموو شــتێك کە وەرگیراوە و هەیە لە سیکۆلۆژیا. (جابر,١٩٩٠: ٢٦-٣٠) و (علی، ١٩٩٥: ١٩-٢٣) فرۆید لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە توندوتیژی و دوژمنایەتی کە کارێکی دیاریکراوە بە هۆی ڕەمکی مردنەوە, ئەویش لە بناغەوە ڕووئەکات لە کەســەکە بە وێرانکردنی, بەڵام ئەگوازرێتەوە بۆ کەسانی دیکە لە ڕێگەی کرداری ئاڵوگۆرپێکردن, تیۆری فرۆید ڕووی کردە سروشتی مرۆڤایەتی بە بۆچونێکی ڕەشبین. (باظە, ١٩٩٧: ٧٧-٧٨)

**٢-٤-١-٢:تیۆری کونراد:**

ئەم تیۆرە گریمانەی دەکات کە لای مرۆڤ ڕەمك یان پاڵنەری بنچینەیی وەرگیراو هەیە بەرەو توندوتیژی لەوانە وەکو دوژمنایەتی و توندوتیژی بکەین هەتاوەکو ئاژەڵێك بگرین و بیکوژین دواتر بیخۆین، لە کاتێکدا کە کەسانی توندوتیژ هێرش دەکاتە سەرمان بۆ پاراســتنی خۆمان لە دژی هەر کەســێك کە هێرش دەکاتە ســەرمان, وە کۆدەبێتەوە ئەو پاڵنەرە هەتا ئەو کاتەی هەڵێك بۆ قشــتکردنەوەی, لە ناخی مرۆڤدا کاریگەریەکە زیاد دەکات کاردەکاتە ســەر پاڵنەرەکان وە هانیدەدات بۆ دەرکەوتنی بەڵام لە بارودۆخێك کە لەوانەیە توندوتیژی و دوژمنایەتی بیّ ئەوەی هۆکارێکی ڕوون و دیاری هەبێت. (العیســوي, ٢٠٠٠: ١٦) هەروەها کۆمەڵێك کێشە هەیە کە کێشەی کرۆمۆسومی لەگەڵدایە دەبێتە هۆی دروست کردنی کەسانێك کە دواکەوتوون لە ڕووی ئەقڵەوە, وە تیایاندا توندوتیژی لەو کەسانەدا زیاد دەکات (الدر، ١٩٨٣: ٣-٤) وە دەرکەوتووە بوونی کرۆکۆسومی نێری زیاتر لە نێرەکان کە کاری تاوانکاری ئەنجام دەدەن واتە (xy) ئەبێتە **(xyy)** بۆیە کە **(Witten)** و هاوڕێکانی خوێندنەوەیان کرد بۆ (٣١٣٤٦) کرۆمۆســۆمی نێرینە (١٥) دانەیان لێدۆزیەوە کە خاوەنی کرۆمۆســۆمی زیادەن **(xyy)** وە بۆیان دەرکەوت کە (٥) یان نزیك بونەتەوە لە کاری تاوانکاری کە تاوانیان زیاترە. (العیسوي, ٢٠٠٧: ١١٤-١١٥)

**٢-٤-٢: تیۆری شیکردنەوەی ژینگەیی:**

ئەم تیۆرە ڕۆڵی کاریگەری زیاتر دەدات بە کاریگەری ژینگەیی جیاواز لە دەرکەوتنی توندوتیژی لەوانە:

**٢-٤-٢-١: تیۆری تێکشکان:**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.4

ئەم تیۆرە ڕەتیدەكاتەوە كە توندوتیژی و دوژمنایەتی لە بناغەوە لە ئەنجامدانی ئامادەباشی بنچینەیی یان ڕەمك دروست ببێ, ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوە دەكات كە ڕەفتاری توندوتیژی و دوژمنایەتی لە بناغەوە لە تێكشـــكان كە لە ئەنجامی تەگەرە تێخســـتن ڕەفتاری ڕوتێكراو ڕێگەنەدانی ئەبێتە هۆی وروژاندنی پاڵنەری توندوتیژی و دوژمنایەتی و كە ئەبێتە هۆی یەك لە دوای یەك بۆ كردنی كرداری توندوتیژی و دوژمنایەتی یەك لە دوای یەكی دیار(باظە, ١٩٩٧: ٢٠-٢١) ، لەوانیش توندوتیژی و دوژمنایەتی ڕوودەكاتە ســـەرچـــاوەیەك كە لە نێوان خودی خۆی و بەدیهێنانی ئارەزووەكانی دەمێنێتەوە, بۆ دایك كە ڕازی نابێت لەگەڵ خۆی بیانباتە دەرەوەی ماڵ, وە براو خوشك كە یەكێكیان لەوی تر باشتر دەبێت هەست دەكات لە نرخی دابەزێت و بێبەشی ئەكەن لە بەژارداری پێكردنیان لە یاری. (الهمشري و عبدالجواد، ٢٠٠٠: ١٠) وە توندوتیژی و دوژمنایەتی جیاواز بە جیاوازی ڕێژەیی تێك شكانەكە ڕووبەرووی مرۆڤ دەبێتەوە, وە جیاوازی ڕێژەی تێك شـكانەكە بەڵگەیە بۆ (٣) فاكتەر ئەوانیش: یەكەم: ڕادەی ئارەزووی لە وەڵامدانەوەی تێكشكانەكە، دووەم: ڕێژەی خۆتێكەڵكردن یان ڕێگەنەدانی وەڵامدانەوەی تێكشكاندنەكە، سێیەم: چەند جار ئەو وەڵامدانەوەیە بۆ تێكشـــكانەكە. (العقاد,٢٠٠١: ١١٣), ئەم تێكشـــكانە لەوانەیە لە ئەنجامی ســـزادانی ناڕاســـت لە ڕەفتاری توندوتیژی و دوژمنایەتی لە ماڵەوە ئەبێتە هۆی دەركەوتنی لە دەرەوەی ماڵەوە, وە لەگەڵ ئەوەش دەركەوت ئەم تیۆریە بە تەواوی ڕاست نیە بۆ شیكردنەوەی هەموو ڕەفتارێكی توندوتیژی و دوژمنایەتی.(یحیی,٢٠٠٠: ١٨٩-١٩٠) وە لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بكەین كە توندوتیژی و دوژمنایەتی بە پێی ئەم تیۆرە لەوانەیە ڕاســـتەوخۆ ڕوویكاتە ســـەرچـــاوەی تێكشـــكانەكە و لەوانەیە خۆی بدزێتەوە لە ڕووبەڕوبونەوەی ئەو ڕووداوە , وە لەوانەیە كارەكە بكاتە دوژمنایەتی , لەگەڵ خودی كەســـەكە وەكو جێگری بۆ وەڵامدانەوەی سەرچاوەی تێكشكانەكە. (صبحي,٢٠٠٣: ٨٧)

**٢-٤-٢-٢: تیۆری ڕەفتاری:**

ئەم تیۆرە وا سەیری توندوتیژی و دوژمنایەتی دەكات كە ڕەفتارێكی خوینەوارە, ئەگەر برا لە برایەكی بدات و ئەوەی ویستی بردی ئەوە ئەو ڕەفتاری دووبارەدەكاتەوە هەتا ئامانجەكە بەدەســـت بێنێت, وە ئاشـــكرایە كە خودی توندوتیژیی لە تەمەنی زۆر بچـــوك و ژیانی لە ڕێگەی پەیوەندی ئاڵوگۆڕپێكراو پەروەردە دەكرێت هەڵەی منداڵ وای لێدەكات هەســـت دەكات لە جیهانی یەك وشـــەیی دەژی ئەویش توندوتیژی و دوژمنایەتی یە و هێزە و گرنگی دان بە هەســـتی كەســـانی دیكە جۆرێكە لە لاوازی بۆیە توندوتیژی وەك تاكە ڕێگا بەكاریدێنن بۆ چـــارەســـەركردنی كێشـــەكانیان (العیســـوي, ٢٠٠٠: ١٥٧-١٥٨) , واتە بەكارهێنانی توندوتیژی و هێز وەكو وەڵامدانەوەی لوتكەیی (هرم) خێزانی وەكو (دولارد و میلر) ئەبینن بەوەی كە ئەو وەڵامدانەوە باو ئەبێت یان زاڵ ئەبێت (صالح، ١٩٨٨: ١٣)

**٢-٤-٢-٣: تیۆری فیسیولوژی (فیزیكی):**

زانایانی دەروونی یان فیســـیۆلۆژی توندوتیژی دەبەســـتنەوە بە گۆڕانكاری ناوەكیی, جەســـتەیی, كیمیایی, لە كۆمەڵەی (عصبی) دروست دەبێت (الهاشمي, ٢٠٠٨: ٣٠٥) , وە ئەم تیۆرە ڕەگی مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ بۆچونی (ئیبۆقرات) لە چاخی (١٥) پێش زایین كە دابەشی كردبوو بە سەر (٤) تێكەڵە (هەوایی و ئاویی و خۆڵیی و ئاگرین), وە بە بۆچونی ئەو كە شلەمەنیەكان كاریگەری دیاری هەیە لە ســەر جەســتەیان هۆڕمۆنات وە كاریگەری دیاری هەیە لەســەر (مەزاج) زاڵبوونی شـلەمەنیەكی دیاریكراو دەبێتە هۆی زاڵبونی جۆرێكی دیاریكراو لەســـەر شـــلەمەنیەكە كە ئەو كەســـەی هۆڕمۆنی ( زەرد) بەســـەریدا زاڵ دەبێت دەبێتە كەســـێكی توندوتیژ , وە ڕوو لە دەســـت درێژی دەكات. (داود والعبیدي, ١٩٩٠: ١٠٣) , وە تازە دڵنیا بوونەوە كە كاریگەری لەرینەوەی چـــەند هۆڕمۆنێك وەكو (نور ئەدرینالین) (ســـیروكۆفین) ی جومگە دەبێتە هۆی توندوتیژی كاتی یان درێژخایەن بۆ كەسـەكە, وە ئەو كەسـەی كێشـەی هەیە لە سـیسـتەمی غودەی سـیسـتەمی تورەبوون و توندوتیژی زیاد دەكات ئەگەر هۆڕمۆنی

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

نێری (ئەلتیستیسرۆن) (الدر، ١٩٨٩: ٣٦٤), (دافیدوف، ١٩٨٣)، ئاماژە بەوە دەكات كە پەیوەندی هەیە بە كەمێك لە دڕاندنی مێشك و وروژاندنی هەندێك بەشی لە (مۆخ) وە توندوتیژی لە لایەنەكانیتر.(دافیدوف، ١٩٨٣: ٥١١)

**٢–٤–٢–٤: تیۆری كۆمەڵایەتی:**

ئەم تیۆرە وا ئەبینێ كە ڕەفتاری توندوتیژی و دوژمنایەتی لە ڕێگەی فێربوونی ئەزموونی ڕاستەوخۆ و لەڕێگەی تێبینی نمونەیی دوژمنایەتی خێزانی و نمونەیی (الاقران) یان نمونەیی كە میدیاكان پێشكەشی دەكات وە (TV) , وە مرۆڤ بە توندی هەڵسوكەوت دەكات كە حالەتێكی زۆر بەئازاری بەسەر بێت بەڵام لەوانەیە وەڵامدانەوەی توندی نەبێت (صالح، ١٩٨٨: ٨٥) وە ئەگەر منداڵ سزا بدرێت بۆ ڕەفتارێكی لاسایكراوە جارێكی تر ئارەزووی نابێت دووبارەی بكاتەوە ویستی لەسەری نابێت لە جارەكانی داهاتوودا, بەڵام ئەگەر پاداشت بكرێتەوە ئەوە ئەو ڕەفتارە دووبارە دەكاتەوە, وە ئەم تیۆرە گرنگی دەدات بە شارەزایی منداڵ لە پێشوودا و پاڵنەرەكانی كە ئەوەستێ لەسەر ئەنجامە دوژمنایەتی وەرگیراو.(یحیی، ٢٠٠٠: ١٩٠) وە لەئەوە دوورتر دەڕوات كە ئەڵێت تەنانەت شەڕی لە نێوان دوژمنی ئاسایی وە مشك و پشیلە لە ڕێگەی فێربوون ئەبێت و ئەیسەلمێنن بە خوێندنەوەی كردەیی هەڵسا بە بەخێوكردنی (٣) كۆمەڵە لە پشیلەی بچوك یەكەم لەگەڵ دایكیان كە مشك ئەخوات و دووەم بە تەنها و سێیەم لەگەڵ مشكەكان كە بەخێوكراوە وەكو هاوڕێ بۆیە لە ئەنجامدا (٨٥٪) لە پشیلەكان لەگەڵ دایكیان بەخێوكران مشكیان ئەخوارد و (٤٥٪) لە پشیلەكان كە بە تەنها ئەژیان هەڵسان بە پەلاماردانی مشكەكان دواتر تەنها (١٧٪) لە پشیلەكان كە لەگەڵ مشكەكان هەڵسان بە پەلاماردانی مشكەكان تەنانەت لە كاتی برسێتی زۆر ڕێژەی (٧٪) لە پشیلەكان كە مشكەكە ناخۆن هەوڵ دەدەن بۆ هێرش كردنە سەر مشكەكان و دوای ڕاهێنانی بەتایبەت (سەیركردنی پشیلەیەكی پێگەیشتوو مشكەكە دەكوژێت) و دوای ئەوەی لەگەڵ یەك دەژیان لە منداڵیەوە بۆیان دەركەوت پەیوەندیەكی بەهێز هەیە لە نێوان پشیلەكان و مشكەكان تانانەت لەوانەیە پشیلەكە دەوری مشكەكە بدات بۆ پاراستنی لە پشیلەكە كە هێرش دەكاتە سەر مشكەكە (دافیدوف، ١٩٨٣: ٥١٠)

**٢–٤–٢–٥: توندو تیژی پەروە ردەیی:**

بریتی یە لەو جۆرە توندو تیژییەی لە نێو پرۆسەی خوێندن وپەروە ردە ڕوودەدات، زۆرجار سیفەتێكی یاسایی وە ردەگرێت وەك لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ دا هاتووە ئەم جۆرە لە توندو تیژی هەرزەكار بۆ شێوازی فەلسەفەی خوێندن دەگەڕێتەوە كاتێك فەلسەفەو میتۆدی خوێندن پڕبێت لە توندو تیژی و هاندانی منداڵ بۆ جەنگ لە بوارەدا جگە لە توندو تیژی هیچی تر سەوز نابێت، كەواتە ژینگەی پەروەردە كاریگەریەكی گرنگە لە پەروەردە كردنی هەرزەكاردا بە ئاراستەی توندو تیژی ئەم جۆرەش لە توندو تیژی كە هەرزەكار دەینوێنێت لە ژینگەی قوتابخانەدا، بەرامبەر هاوڕێ و مامۆستاكانی بە پێچەوانەوە مامۆستاو هاوڕێ بەرامبەر ئەم پێی دەوترێت توندو تیژی پەروە ردەیی و دەرئەنجامی ئەو پرۆگرامە سەقەتە و چۆنێتی ووتنەوەیەتی لە قوتابخانەدا. (محمد، ٢٠٠٣: ٢٨–٢٩)

**٢–٤–٢–٦: تیۆری دەستنیشانكردنی توندیتیژی:**

ئەم تیۆرە وائەبینێ كە مرۆڤێك هەیە سەیری خەڵك ئەكات وەكو ئەوەی ئامێرێك بن یان بوكەڵەیەك بن كە هەست و نەستیان نییە دانراون بە تایبەتی بۆ جێبەجێكردنی داواكاری و پێویستی, ئەو مافی ژیانی نیە ئەتوانێ چی بوێت لێی بكات, وە كەسی كە هەیە كە هەست دەكات بەردەوام هێرش دەكرێتە سەری چونكە نەپارێزراوە, وەكو ئەم كەسە زۆر هەستیارە بە توانج و ڕەخنە وە هەردوو ئەم كەسانە لە یەك چوون كە لەو باوەڕەدان كە پەیوەندی مرۆڤایەتی پشت ئەبەستێ بەهێز و لەدەوری ئەو كۆدەبێتەوە بۆیە ئەوان پرۆگرامی هێز بەكاردێنن بۆ بەدیهێنانی ئامانجیان بۆ شتەكان بە یەك ڕوو ئەڕوانن بەیەك لایەن ئەویش لایەنی خۆیان, بۆیە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.4

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

له ئەمەوە ئەم کەسانە توانایان نابێت ئەو شتانە ببینن کە کەسانی کە ئەیبینن یان بۆچونی کەسانە دیکە توانایان نییە بەژداری هەست یان ویژدانیان هەبێت لەگەڵ کەسانی دیکە وە ئەم کەسانە وائەزانن بە ڕەفتارە دوژمنانەیەکانیان بەرامبەر خەڵکی خۆیان ئەپارێزن چونکە وا خەیاڵ ئەکەن کە ئەژین لەناو کۆمەڵگای یاسای دارشتنی و هێزی تێدا پەیڕەو دەکرێت تیایدا ئەو زاڵە و سەرکردەیە. (العیسوي ,٢٠٠٠: ١٥٥-١٥٦)

### ٢-٥: توێژینەوەکانی پێشوو:

دیاردەی توندوتیژی و هۆکارەکانی ژمارەیەکی بەرچاو توێژینەوەی جۆراوجۆری لەسەر ئەنجامدراوە لە چەند ناوچەیەکی عەرەبی جیاواز، توێژەران بەهۆی بەردەست نەبوونی توێژینەوە بەزمانی کوردی نەیانتوانی هیچ توێژینەوەیەکی کوردی بخەنە ڕوو، بۆیە توانیویانە تەنها ئەم توێژینەوانەی خوارەوە بخەنەڕوو:

#### ٢-٥-١: توێژینەوەی جندي (١٩٩٩)

ئامانجی توێژینەوە بریتیە لە دەرخستنی ئەو پاڵنەرانەی دەبنەهۆی توندوتیژی لای فێرخوازانی قۆناغی ناوەندی لە قاهرە، ڕادەی جیاوازی لە تێڕوانینی فێرخوازان و مامۆستایان باوکان و پسپۆڕانی دەرونی، وە ڕادەی جیاوازی ڕەوشتی توندوتیژی بەپێی ڕەگەز و جۆری فێرکردنەکە. نمونەی توێژینەوەکە لە (٥٠٠) فێرخواز، کە بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردران لە (٥٠) خوێندنگەی ناوەندی، توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنا بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان. وە توێژینەوە گەشت بە ژمارەیەك پاڵنەری دەرونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی لای فێرخواز کە دەبێتە هۆی ڕەوشتی توندوتیژ. (جندي، ١٩٩٩: ٣١-٥٢)

#### ٢-٥-٢: توێژینەوەی هویدی و اللیماني (٢٠٠٣):

توێژینەوەکە لە وڵاتی بەحرەین ئەنجامدراوە، بە ئامانجی زانینی ڕەوشتە نابەجێیەکانی فێرخوازانی قۆناغی سەرەتایی، لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، نمونەی توێژینەوەکە لە (٢٤٩) مامۆستا پێکهاتبوو، کە وانەیان دەوتەوە لە قۆناغەکانی سێیەم و شەشەمی سەرەتایی، ئامرازی توێژینەوەکە فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنرا، لە (٤٥) برگە پێکهاتبوو وە دابەشکرا بەسەر چوار بواری ڕەوشتی، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری لادانی پێوەری و تاقیکردنەوەی تائی و شیکردنەوەی جیاکاری، لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت ڕەوشتی نەشیاو لە نێوان فێرخوازاندا زیاتر بەرامبەر بەیەکترە لە نێوان فێرخوازەکان لەناو پۆل، کەمتر بەرامبەر مامۆستاکان ئەنجامی دەدەن، بەربڵاوترین ڕەوشتی نەخوازراو لەلایەن کوڕانەوە بوو بە بەراورد بە کچان، ئەنجامی توێژینەوە پیشانی داوە بەرزبوونەوەی ڕادەی ڕەوشتی نەخوازراو و نەشیاو بەهۆی بوونی جیاوازی ڕەگەزیەوە بووە لە نێوان خوێندکاران و مامۆستایان. (هویدی و الیماني، ٢٠٠٣: ١٣-٤٤)

#### ٢-٥-٣: توێژینەوەی (بن دریدی، ٢٠٠٧):

لە وڵاتی جەزائیر ئەنجامدراوە بە مەبەستی زانینی قەبارەی بڵاوبوونەوەی دیاردەی توندوتیژی لای خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی، وە ئەو هۆکارانەی خوێندکار بەرەو توندوتیژی دەبەن، ژمارەی نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (١٨٠) فێرخواز، ئامرازی توێژینەوەکە بریتی بوو لە تێبینی کردن، چاوپێکەوتن، سێ نمونە لە فۆرمی ڕاپرسی بۆ هەریەك لە خوێندکاران، مامۆستایان، بەڕێوەبەرەکان، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ناوەندە ژمێر و چەندێتی وچۆنێتی دیاردەکە وشیکردنەوەی، وە توێژینەوە گەشت بەو ڕاستیەی کە توندوتیژی بەربڵاوە بەشێوەیەکی ڕوون هەستی پێدەکرێت لە قۆناغی ناوەندی لە جەزائیر، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار لەوانە: خراپی وگرانی باری ئابوری ولاوازی ڕۆشنبیری وخوێندن لای کەسوکاری فێرخواز،کە دەبێتە هۆی بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر نەوەکانیان.(بن دریدی، ٢٠٠٧: ٢٢-٢٧٨)

ص:١٠٢-١٢٤ المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**٢-٥-٤: توێژینەوەی بنی خالد و اخرون، ٢٠٠٨)**

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی دۆخی توندوتیژی خوێندنگە لە خوێندنگە ناوەندیەکانی ولآتی ئەردەن، نمونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە خوێندنگەکانی شاری مفرق کە بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردران، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە توێژەران هەستان بە بەکارهێنانی ئامرازی تێبینی کردن و چاوپێکەوتن و گەڕان بەناو بەڵگەکاندا، پاشان شیکردنەوەی زانیاریەکان لە ڕێگەی بەش بەشکردنی بابەتەکان بە پێی دۆخەکە وە دروستکردنی پەیوەست بوون لە نێوان فئاتەکان بۆ گەیشتن بە تیۆریەك، ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخست هۆکاری دیاردەی توندوتیژی خوێندنگە پەیوەندیدارە بە کەسێتی و ژینگەکەیەوە، وەئەو بارودۆخە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەی خوێندنگەکە و گرفتی عەقڵی و دەرونی، توندوتیژی خوێندنگە شێوەی زۆرە وەك توندوتیژی جەستەیی و واتایی و ناڕاستەوخۆ، سنورداركردنی ئەم دیاردەیە كارێكی قورس و ئاڵۆزە پێویستی بە پرۆگرامی گشتگیر لە سەرجەم لایەنەکانی پرۆسەی پەروەردەدا. (بنی خالدوأخرون، ٢٠٠٨: ١-٢١)

**بەشی سێیەم:**

**(هەنگاوەکانی توێژینەوە)**

**٣-١: میتۆدی توێژینەوە:**

توێژەران لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکەیان پرۆگرامی وەصفی ڕوپێویان بەکارهێنا، بەپێی سروشتی بابەتی توێژینەوەکە.

**٣-٢: کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەم مامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتیەکانی ناوەندی شاری سلێمانی، کە ژمارەیان (٥٣٠١) مامۆستایە، (١٦١٤) مامۆستای پیاو ، (٣٦٨٧) مامۆستای ئافرەت، بەپێی ئامار و پلانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠١٧ – ٢٠١٨). خشتەی (٣-١)

**خشتەی (٣-١)**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە مامۆستایان بە پێی هەردوو ڕەگەزی (نێر، مێ) دەخاتە ڕوو:**

| ژمارەی مامۆستا | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٥٣٠١ | ١٦١٤ | ٪٣٠ | ٣٦٨٧ | ٪٧٠ |

**٣-٣: نمونەی توێژینەوە:**

نمونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە مامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتیەکانی شاری سلێمانی کە بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردران، پێکدێن لە (١٠٨) مامۆستای پیاو، (٦٨) مامۆستای ئافرەت، بە تێکڕا ژمارەیان دەکاتە (١٧٦).

**٣-٤: ئامرازی توێژینەوە:**

**٣-٤-١: ئامادەکردنی ئامراز:**

توێژەران لە پێناو دەرخستنی بە هۆکارەکانی توندوتیژی لای خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی هەستان بە گەڕان بەناو هەندێك لە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشتر نزیك لە بابەتی توێژینەوەکەیان بۆ نمونە (توێژینەوەی شەمەری، ٢٠١١) ، (توێژینەوەی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.4

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بنی خالد و أخرون، ٢٠٠٨) ، (توێژینەوەی عبدالمحمود و البشری، ٢٠٠٥)، پاشان ڕاپرسیێکی سەرەتاییان ئامادەکرد و دابەشیان کرد بەسەر (٣٠) مامۆستا، لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ). دوای شیکردنەوەی وەڵامەکانی ڕاپرسەکە، بە سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو چەند برگەیەکیان دروستکرد کە (٤٤) برگە بوو، لە پێنج بواری جیاوازدا لەوانە:

1. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کە پێکهاتووە لە (٦) برگە.
2. هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی کە پێکهاتووە لە (١١) برگە.
3. هۆکارەکانی دەروونی کە پێکهاتووە لە (٩) برگە.
4. هۆکارەکانی خێزانی کە پێکهاتووە لە (٨) برگە.
5. هۆکارەکانی تایبەت بە خوێندنگەکان کە پێکهاتووە لە (١٠) برگە.

**٣-٤-٢: ڕاستی و دروستی:**

دوای ئامادەکردنی ئامرازەکە بە شێوەی سەرەتایی توێژەران بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی و شیاوی تەوەرەکانی ئامرازەکەیان هەستان بە دابەشکردنی بەسەر ژمارەیەك لە شارەزایانی بواری پەروەردە و دەروونزانی و ڕێگاکانی وانە وتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن، داوایان لێکردن سەرنج و بۆچوونیان بخەنە روو لەسەر دروستی و شیاوی و ڕوونی برگە و تەوەرەکانی ئامرازەکەیان، بۆ ئەو بابەتەی دەیەوێت پێوانەی بکات، ئەوانیش پاش چەند سەرنج و تێبینیەك لەسەر ئامرازەکە و چاککردنی چەند برگەیەك بە ڕێژەی (٨٧٪)ی برگەکانیان پەسەند کرد.

**٣-٤-٣: جێگیری ئامراز:**

مەبەست لە جێگیری واتە بوونی هاوشێوەبوون و لێك نزیکی نمرەکانی تاقیکردنەوەکان ئەگەر هاتوو دووبارە کرایەوە لەسەر هەمان کەسەکان. (عباس، ١٩٩٦: ل٢٢). توێژەران بەمەبەستی دڵنیابوون لە جێگیری و نەگۆڕی ئامرازی توێژینەوەکە، شێوازی دووبارەکردنەوەیان بەکارهێنا، لەسەر ژمارەیەك لە مامۆستایانی دەرەوەی نمونەی ئەصڵی توێژینەوەکە، ژمارەیان (١٦) مامۆستا بوون، وە پاش دوو هەفتە تاقیکردنەوەکەیان دووبارە کردەوە لەسەر هەمان نمونەی پێشوو، دواتر هاوکۆلکەی پەیوەستیان دەرهێنا بە هاوکۆلکەی (پیرسۆن)، (٠,٨٧).

**٣-٤-٤: جێبەجێکردنی ئامرازەکە:**

پاش دڵنیا بوونی توێژەران لە دروستی و جێگیری ئامرازەکەیان هەستان بە جێبەجێکردنی ئامرازەکە لەسەر نمونەی ئەصڵی توێژینەوەکە بەشێوەی کۆتایی لە ماوەی دوو هەفتە، لە بەرواری (٢٠١٨/١/١٥ ) فۆرمەکانمان دابەشکرد لە بەرواری (٢٠١٨/١/٣٠) فۆرمەکانمان گەڕاندەوە لای نمونەی توێژینەوەکە، پاشان هەستاین بە شیکردنەوەی زانیاریەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری پێویست بە مەبەستی دەرهێنانی ئەنجامی توێژینەوەکە.

**٣-٥: هاوکێشەی ئاماری بەکارهێنراو:**

توێژەران ئەم ئامرازەیان بەکارهێنا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە:

**٣-٦-١: هاوکێشەی کۆپەر (Cooper):**

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هاوكێشەی ڕێژەی ڕێكەوتن بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ڕێكەوتنی شارەزایان دەربارەی ئامرازەكانی توێژینەوەكە.

(**البهرزي**، ١٩٨٩: ل ٨٢)

ڕێژەی ڕێكەوتن = ژمارەی چەندجارەی ڕێكەوتن ÷ (ژمارەی چەندجارەی ڕێكەوتن+ ژمارەی چەندجارەی ڕێنەكەوتن) ×١٠٠ (٪)

**٣-٦-٢: هاوكێشەی ڕێژەی ڕێكەوتن (Person):**

بۆ دەرهێنانی ڕادەی جێگیری ڕاپرسەكان.

ر = (ن مج س ص – (مج س) (مج ص)) ÷ √({ن مج س٢- (مج س)٢} {ن (مج ص٢) – (مج ص)٢})

(**العگیلی**، ١٩٩٠: ل ٧٣)

**٣-٦-٣: ڕێژەی ناوەندی شیاو:**

**بۆ وەصف كردنی ئامرازەكانی توێژینەوەو بەهاو ڕێخستنیان وەك ڕێژەیەك بۆ بڕگەكان، بۆ ڕاڤەكردنی ئەنجامەكان بە پێی ئەم یاسایە.**

ناوەندی شیاو= (ت١×٥)+(ت٢×٤)+(ت٣×٣)+(ت٤×٢)+(ت٥×١)

**ت١ = دوبارە بوونەوەی وەڵامەكان لە تەوەری یەكەمدا كەپێوەرە بۆ (ڕەزامەند بوون)، لە هەموو بڕگەكاندا.**

**ت٢ = دوبارە بوونەوەی وەڵامەكان لە تەوەرەی دووەمدا كە پێوەرە بۆ (تاڕادەیەك ڕەزامەند بوون)، بۆ هەموو بڕگەكان.**

**ت٣ = دوبارە بوونەوەی وەڵامەكان لە تەوەرەی سێ یەمدا كە پێوەرە بۆ (ڕەزامەند نەبوون)، بۆ هەموو بڕگەكان.(العگیلی،** ١٩٩٠: ل ٧٣).

**٣-٦-٤: كێشی سەدی: بۆ ڕاڤەكردنی ناوەندەشیاو و بڕگەكانی ڕاپرسەكە.**

كێشی سەدی = ناوەندی شیاو ÷ بەرزترین نمرە × ١٠٠

(**هیكل**، ١٩٩٥: ل ٩٨)

## بەشی چوارەم

## (ئەنجامی توێژینەوەكە و تاوتوێكردنی)

**٤-١: ئەنجامی توێژینەوەكە و تاوتوێكردنی:**

**٤-١-١: لەم بەشەدا ڕاڤە و شیكردنەوەی ئەنجامەكانی توێژینەوەكە دەخاتە ڕوو بەپێی ئامانجی توێژینەوەكە، توێژەران بڕگەكانی فۆرمی ڕاپرسەكەیان بەپێی پلەی ڕەهەندەكان دیاری كرد بۆ پێنج ڕەهەند، وە بەهای پێدرا وەك: زۆر بەهێز (٥) ، بەهێز (٤) ، تا ڕادەیەك (٣) ، لاواز (٢) ، زۆر لاواز (١)**

**٤-١-٢: بوارەكانی توندوتیژی بە شێوەی ڕیزبەندی و بە پێی بەهای ناوەندی شیا و كێشی سەدی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕیزكراوە، بە پێی بوارەكان (ڕاگەیاندن، كۆمەڵایەتی، دەروونی، خێزان، خوێندنگە).**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.4

٤-١-٣: ناوەندی ژمێرەیی لە پێوەرە پێنج ڕەهەندیەکە دادەنرێت بە (٣) کە پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی لایەنی بەهێز و لاوازی تەوەرەکان، هەر تەوەرەیەك ناوەندە شـــیاوەکەی (٣) یان زیاتر بووئەوا لایەنی بەهێزی تەوەرەکە دەگەیەنێت، ئەگەر هاتوو لە (٣) کەمتر بوو ئەوە مانای وایە لاوازی ئاســتی توندوتیژی تەوەرەکە پیشــان دەدات، وە هەر بڕگەیەك ناوەندی شیاوەکەی لە (٣) برزتر بوو ئەوا پێویستە شیکردنەوەی بۆ بکرێت بەڵام لە (٣) کەمتر بوو گوێی پێنادرێت و لادەبرێت و شیکردنەوەی بۆ ناکرێت.

**بە پێی ئامانجی یەکەم:** کە دەڵێت دەستنیشـانکردنی هۆیەکانی توندوتیژی لای خوێندکارانی خوێندنگە بنەڕەتیەکان کە کراوە بە چەند بوارێکەوە توێژەران هەر بوارێك بە تەنها شی دەکەنەوە. خشتەی ﴿٤-١ بۆ ٤-٦﴾

**خشتەی (٤-١)**

**ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پلە بەندی بڕگەکانی هۆیەکانی توندوتیژی لای خوێندکاران لە بواری ڕاگەیاندن ڕووندەکاتەوە**

| ژ | دەقـــی هـــۆکـــار ﴿تایبەت بە ڕاگەیاندن﴾ | زۆر بەهێزە | بەهێزە | تاڕادەیەك | لاوازە | زۆر لاوازە | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پیشاندانی فیلمە توندوتیژیەکان لە شاشەی تەلفزیۆنەکان. | ٩١ | ٦١ | ١٥ | ٩ | ٠ | ٤,٣٢ | ٪٨٦ | ٢ |
| ٢ | بەکاهێنانی هەندێك یاری ئەلیکترۆنی شەڕەنگێزی. | ٦٠ | ١٠٠ | ١٦ | ٠ | ٠ | ٤,٢٥ | ٪٨٥ | ٣ |
| ٣ | بڵاوبوونەوەی دیاردەی تەقە کردن و تەقینەوەکان. | ٤٤ | ٨٨ | ٤٤ | ٠ | ٠ | ٤ | ٪٨٠ | ٦ |
| ٤ | نمایشکردنی ئامێرە جەنگیەکان لە ڕاگەیاندنەکان. | ٧٢ | ٥٢ | ٤٥ | ٧ | ٠ | ٤,٠٧ | ٪٨١ | ٥ |
| ٥ | چاودێری نەکردن منداڵان لەناو خێزان لە سەیرکردنی پرۆگرامەکانی TV. | ٧٦ | ٧٢ | ٢٠ | ٨ | ٠ | ٤,٢٢ | ٪٨٤ | ٤ |
| ٦ | خوگرتنی دایکان و باوکان بە تەماشاکردنی دراما دۆبلاژکراوەکان. | ٩٢ | ٦٠ | ١٦ | ٨ | ٠ | ٤,٣٤ | ٪٨٧ | ١ |

بە پێی زانیاریەکانی خشـتەی (٤-١) تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن کە (٦) هۆکار لەخۆ دەگرێت، ناوەندی شـیاوی گشـت تەوەرەکان لە سـەرو (٣) وەن لە نێوان (٤,٣٤ – ٤) وە کێشـی سـەدیان لە نێوان (٪٨٧ – ٪٨٠) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە توندوتیژی لای خوێندکاران ڕێژەکەی زۆر بەرزە، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تەماشـاکردنی شـاشـەی ڤیڤیەکان و بینی فیلمە شـەڕەنگێزیەکان و دراما دۆبلاژکراوە بیانیەکان یان بەکارهێنانی یارییە ئەلکترۆنیە شـەڕخوازیەکان لە لایەن خوێندکارانەوە، لە لایەکی ترەوە بڵاوبوونەوەی دیاردەی تەقینەوەکان و تەقەکردن، ئەمانەش هەموو دەبنە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی توندوتیژی لای خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی و کاریگەری نەرێنی بۆ سـەر تەواوی خوێندنگەکان دەبێت وە ئەمەش کاردەکاتە سـەر پرۆسـەی پەروەردە و فێرکردن و ئامانجەکانی.

**خشتەی (٤–٢)**

**ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پلە بەندی بڕگەکانی هۆیەکانی توندوتیژی لای خوێندکاران لە بواری کۆمەڵایەتی پروندەکاتەوە**

| ژ | دەقـــی هـــۆکـــار «تایبەت بە بواری کۆمەڵایەتی» | زۆر بەمێزە | بەمێزە | تاڕادەیەک | لاوازە | زۆر لاوازە | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جیاوازی لە مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندکاران لەلایەن دەوروبەر. | ٢٠ | ٨٤ | ٥٦ | ١٦ | ٠ | ٣,٦١ | ٪٧٢ | ٦ |
| ٢ | بەکارهێنانی مامەڵەی سزادان لەلایەن گەورەکانەوە. | ٤٤ | ٩٥ | ٣٣ | ٤ | ٠ | ٤,٠١ | ٪٨٠ | ٣ |
| ٣ | بوونی هاوڕێی خراپ و شەڕەنگێز. | ٧٦ | ٨٨ | ١٢ | ٠ | ٠ | ٤,٣٦ | ٪٨٧ | ١ |
| ٤ | بوونی ئەو داب و نەریت و کلتورە کۆنانەی توندوتیژن لەناو کۆمەڵگە. | ٤٨ | ٨٠ | ٤٠ | ٨ | ٠ | ٣,٩ | ٪٧٩ | ٤ |
| ٥ | گرنگی پێنەدان بە ڕۆڵی منداڵ لە ناو کۆمەڵ. | ٣٢ | ٧٢ | ٦٠ | ٧ | ٥ | ٣,٦٧ | ٪٧٣ | ٥ |
| ٦ | لاوازی ئاستی ئابوری و گرانی بژێوی ژیان. | ٥٦ | ٤٨ | ٤٤ | ١٢ | ١٦ | ٣,٦٥ | ٪٧٣ | ٥ |
| ٧ | بەرگری کردن لە خۆی و بەدەستهێنانی مافەکانی. | ٢٨ | ٦٠ | ٥٢ | ٣٦ | ٠ | ٢,٧٣ | ٪٥٤ | ١٠ |
| ٨ | بە مەبەستی خۆدەرخستن لەلای هاوڕێکانیدا. | ٣٢ | ٨٠ | ٦٤ | ٠ | ٠ | ٣,٢٥ | ٪٦٥ | ٩ |
| ٩ | لاوازی تێگەیشتن لە ئاین. | ١٣ | ٨٣ | ٦٠ | ١٩ | ١ | ٣,٥٠ | ٪٧٠ | ٧ |
| ١٠ | بێ توانایی لە دروســـتکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوڕێکانی. | ٢٤ | ٥٦ | ٦٨ | ٢٠ | ٨ | ٣,٣٨ | ٪٦٨ | ٨ |
| ١١ | لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری بەشێك لە دایکان و باوکان. | ٦٠ | ٨٤ | ٢٣ | ٥ | ٤ | ٤,٠٨ | ٪٨٢ | ٢ |

به پێی زانیاریەکانی لە خشتەی (٤–٢) دا خراوەتە ڕوو، لە بواری کۆمەڵایەتی کە (١١) هۆکار لەخۆ دەگرێت، ناوەندی شیاوی زۆربەی تەوەرەکان لە سـەرو (٣) وەن لە نێوان (٤,٣٦ – ٣,٢٥) وە کێشـی سـەدیان لە نێوان (٪٨٧ – ٪٦٥) وەك تەوەرەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٨، ٩، ١٠، ١١) تەنها تەوەری (٧) نەبێت ناوەندی شـــیاوی (٢,٧٣) کێشـــی ســـەدیەکەی (٪٥٤) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆربەی تەوەرەکان ناوەندە شیاوەکەیان بەرزە لە سـەرو (٣) وەن، واتە لە لایەنی کۆمەڵایەتیەوە توێژینەوەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بوونی هاوڕێی خراپ بەهۆی بوونی دابونەریتی کۆن و خراپەوە کە تائێشـــتاش ماوە کار دەکاتە ســـەریان لە بەکارهێنانی توندوتیژی لای خوێندکاران، لە لایەکی ترەوە بەکارهێنانی ســـزا لەلایەن گەورەکانەوە یەکێکی ترە لە هۆکارە کاریگەرەکان بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی، ئەمە سـەرەڕای لاوازی ئاسـتی ڕۆشـنبیری دایکان و باوکان و لاوازی ئاسـتی ئابوری و گرانی بژێویان، وە تێنەگەیشـتن لە پراسـیپەکانی دین، هاوکات گرنگی پێنەدان بەڕۆڵی خوێندکاران لەناو کۆمەڵ، خوێندکاران زۆر جار توندوتیژی دەنوێنن تەنها بۆ خۆ نواندن و دەرخســـتن لەبەرچـــاو هاوڕێکانیان، بۆ ئەوەی ناودەربکات بە ئازا و بوێربە تێگەیشـــتنی خۆی وە لەلایەکی ترەوە گرنگی پێنەدانی منداڵ بە پێی پێویســـت و جیاوازی لە مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندکاران لەلایەن دەوروبەر، یەکێکی ترە لە هۆکارەکان توندوتیژی.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.4

**خشتەی (٤-٣)**

**ناوەندی شیاو و كێشی سەدی و پلە بەندی بڕگەكانی هۆیەكانی توندوتیژی لای خوێندكاران لە بواری دەروونی ڕووندەكاتەوە**

| ژ | دەقـــی هــــۆكـــــار ﴿تایبەت بە بواری دەرونی﴾ | زۆر بەهێزە | بەهێزە | تاڕادەیەك | لاوازە | زۆر لاوازە | ناوەندە شیاو | كێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئیرەیی بردن بـەو خوێنـدكـارانـەی لـە ڕووی جەستەیی بەهێزترن. | ٢٠ | ٥٦ | ٦٠ | ٤٠ | ٠ | ٣,٣١ | ٦٦٪ | ٨ |
| ٢ | پەنا بردنە بەر توندوتیژی بۆ قەرەبووكردنەوەی كەوتن (فشل). | ١٦ | ٦٤ | ٦٤ | ٣٢ | ٠ | ٣,٣٦ | ٥٢٪ | ٧ |
| ٣ | سەلماندنی خۆی كاتێك هەست بە كەمی دەكات. | ٢٩ | ٩٥ | ٢٨ | ٢٤ | ٠ | ٣,١٦ | ٦٣٪ | ٩ |
| ٤ | ڕەشبینی منداڵ بۆ ئایندە. | ٦٠ | ٨٠ | ٢٤ | ١٢ | ٠ | ٤,٠٦ | ٨١٪ | ٣ |
| ٥ | بەكارهێنانی سـزادانی دەرونی و سـۆزداری لەگەڵ خوێندكار. | ٢٧ | ٨١ | ٣٦ | ٣٣ | ٠ | ٣,٥٩ | ٧٢٪ | ٦ |
| ٦ | مەیلی منداڵ بۆ خۆ سـەپاندن و زاڵبوون بەسـەر ئەوانی دیكەدا. | ٢٤ | ٦٠ | ٦٨ | ٢٠ | ٤ | ٣,٩٠ | ٧٨٪ | ٥ |
| ٧ | تانە لێدانی منداڵ لەبەر چاوی ئەوانی دیكەدا. | ٦٨ | ٥٦ | ٣٦ | ١٦ | ٠ | ٤ | ٨٠٪ | ٤ |
| ٨ | نـەبوونی ڕێنمـایی دەرونی و پـەروەردەیی بۆ خوێندكاران. | ٨٨ | ٥٢ | ٢٨ | ٨ | ٠ | ٤,٢٥ | ٨٥٪ | ١ |
| ٩ | فەرامۆشكردنی منداڵەكان بەهۆی سەرقاڵیەكانی خۆیان لە ناوە ماڵدا. | ٨٩ | ٤٣ | ٣٧ | ٣ | ٤ | ٤,١٩ | ٨٤٪ | ٢ |

بە پێی ئەو زانیارییانەی لە خشـــتەی (٤-٣) دا هاتووە تایبەت بە بواری دەروونی كە خۆی لە (٩) هۆكاردا دەبینێتەوە، كە ناوەندە شـــیاوەكانی زۆربەی هۆكارەكان لە ســـەرو ناوەندە ژمێری ســـتاندەر (٣) دەكەونە نێوان (٤,٢٥ – ٣,١٦) وە كێشـــی ســـەدیەكەیان لە نێوانە (٨٥٪ – ٦٣٪) وەك تەوەرەكانی (١، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩) ئەمەش واتای بەهێزی هۆكارەكان دەردەخات، جگە لە تەوەری (٢) كە ناوەندەشیاوی (٢,٥٩) وە كێشی سـەدیەكەی (٥٢٪) كەمترە لە ناوەندەژمێری و مانای لاوازی دەگەیەنێت و پێویســـت بە شـــیكردنەوە ناكات، بە پێی ئەنجامی توێژینەوەكە بواری دەروونی هۆكارە بۆ دەركەوتنی توندوتیژی بە تایبەت بەهۆی نەبوونی ڕێنمایی دەروونی وپەروەردەیی لە خوێندنگاكاندا و لای دایكان و باوكان واباوەڕی خوێندكار بەوەی ئایندەیان نادیار و ناڕۆشـنە، ئەمە جگە لەوەی زۆرجار پشـتگوێخسـتنی منداڵ لەلایەن دایكان و باوكانەوە زیاتر هانی توندوتیژی دەدات، وە تانەلێدانی منداڵ لەلایەن گەورەكان بە بەرچـاوی ئەوانی تر یان باوەڕی هەندێك خوێندكار بەوەی كە لە ڕووی جەسـتەوە بەهێزە لە هەندێك خوێندكاری تر بەمەبەسـتی خۆ سـەپاندن بەسـەر لاوازەكاندابۆیە دەبێت هۆی دروسـتبوونی دیاردەی توندوتیژی لە لای خوێندكاران.

]

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية ص:١٠٢-١٢٤
المجلد (٢) – العدد(٢) ,كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**خشتەی (٤–٤)**

**ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پلە بەندی بڕگەکانی هۆیەکانی توندوتیژی لای خوێندکاران لە بواری خێزان ڕووندەکاتەوە**

| ژ | دەقـــی هـــۆکـــار ﴿تایبەت بە خێزان﴾ | زۆر بەهێزە | بەهێزە | تاڕادەیەك | لاوازە | زۆر لاوازە | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لاوازی توانای خێزان لە تێگەیشتن لە بارودۆخی خوێندکار لەو قۆناغەدا. | ٥٦ | ٨٨ | ٢٨ | ٤ | ٠ | ٤,١١ | ٪٨٢ | ٤ |
| ٢ | نوشستی خێزان لەڕووی کۆمەڵایەتی. | ٤٤ | ٧٢ | ٦٠ | ٠ | ٠ | ٣,٩٠ | ٪٧٨ | ٢ |
| ٣ | نەبوونی گفتوگۆی کاریگەر لە ناو خێزانەکاندا. | ٥١ | ٨٥ | ٣٦ | ٣ | ١ | ٤,٠٣ | ٪٨١ | ٥ |
| ٤ | بوونی کێشە و ململانێی توند لە ناو خێزان. | ٦٨ | ٨٨ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٤,٢٧ | ٪٨٥ | ٣ |
| ٥ | مامەڵەکردنی بێ بەزەییانەی دایك و باوك لەگەڵ منداڵ. | ٨٤ | ٢٨ | ٣٦ | ٢٤ | ٤ | ٢,٧٩ | ٪٥٦ | ٧ |
| ٦ | لە دەستدانی یەکێك لە (دایك، باوك) لە ئەنجامی جیابوونەوە یان مردن. | ٦٨ | ٦٠ | ٣٦ | ١٢ | ٠ | ٤,٠٤ | ٪٨١ | ٥ |
| ٧ | دابڕان لە سۆزی دایك و باوك. | ٨٧ | ٥٧ | ١٦ | ١١ | ٥ | ٤,٩٢ | ٪٩٨ | ١ |
| ٨ | زۆری ژمارەی منداڵ لە یەك خێزاندا. | ٣٣ | ٥٩ | ٤٨ | ٢٩ | ٧ | ٣,٤٦ | ٪٦٩ | ٦ |

لەبەر ڕۆشـنایی ئەنجامی توێژینەوەکە و بە پێی زانیاریەکانی خشـتەی (٤–٤) کە (٨) هۆکار لەخۆ دەگرێت، تایبەت بە بواری خێزانی ئەمیش ئەوە دەردەخات (٧) لە هۆکارەکان ناوەندی شـیاوین لە سـەرو ناوەندە ژمێری یەوەن (٣) وەك تەوەرەکانی (١،٢،٣،٤،٦،٧،٨) کە ناوەندی شـیاوەکانیان لە نێوان (٤,٩٢ – ٣,٤٦) وە کێشـی سـەدیان لە نێوان (٩٨٪ – ٦٩٪) وە هۆکاری ژمارە (٥) ناوەندی شـیاوەکەی (٢,٧٩) کێشـی سـەدی (٥٦٪) کەمترە لە (٣) مانای هۆکارێکی لاواز دەگەیەنێت، بۆیە بە پێی ئەم ئەنجامە دەرکەوتووە خێزانیش بە یەکێك لە هۆکارە کاریگەرەکان دادەنرێت لە دروســتبوون و ســەرهەڵدانی توندوتیژی ئەمەش بەهۆی بوونی ململانێی توند لە نێوان خێزانەکان کە هۆیەکی زۆر بەهێزە و پلەیەکی بەرزی نمونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان پێکردووە، وە یەکێکی تر لە نوشـســتی هێنانی خێزان و تاکەکانی خێزان بەهۆکارێکی تری گاریگەر هەژمار دەکرێت ئەمە جگە لە دورکەوتنەوەی منداڵان لە قۆناغەدا لە ســۆزی دایکان و باوکان یان بە لاە دەســـتدانی یەکێکیان بەهەر هۆیەکی جیابوونەوە یان کۆچی دوایی، ئەمانەش بەهۆکارێکی بەهێز دادەنرێت بۆ دروستبوونی توندوتیژی، سەرەڕای نەبوونی گفتوگۆی کاریگەر و لاوازی تێگەیشتنی خێزان لە بارودۆخی خوێندکاران لەو قۆناغەی تەمەندا.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.4

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**خشتەی (٤–٥)**

**ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پلە بەندی بڕگەکانی هۆیەکانی توندوتیژی لای خوێندکاران لە بواری خوێندنگە پووندەکاتەوە**

| ژ | دەقـــی هـــۆکـــار «تایبەت بە خوێندنگە» | زۆر بەهێزە | بەهێزە | تاڕادەیەك | لاوازە | زۆر لاوازە | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لاوازی بەڕێوەبردن لە کۆنترۆڵکردنی سیستمی ناو قوتابخانە. | ٦٠ | ٨٤ | ٢٠ | ٨ | ٤ | ٤,٠٦ | ٪٨١ | ١ |
| ٢ | نەبوونی ڕۆڵی مامۆستاکان لە ئاگادارکردنەوە و ڕێنمایی کردن. | ٣٢ | ٨٨ | ٤٠ | ١٢ | ٤ | ٣,٧٥ | ٪٧٥ | ٤ |
| ٣ | کەمی هۆکارەکانی کات بەسەر بردن لەبەر دەستی خوێندکار لە کاتی بێکاریدا. | ٣٣ | ٧٥ | ٤٨ | ٢٠ | ٠ | ٣,٦٨ | ٪٧٤ | ٥ |
| ٤ | نەبوونی گفتوگۆی پەروەردەیی لە نێوان خوێندکاران و دەستەی مامۆستایان و بەڕێوەبەرەکان. | ٣٦ | ٨٤ | ٣٢ | ٢٠ | ٤ | ٣,٧٢ | ٪٧٥ | ٤ |
| ٥ | هەست بە شانازی کردنی خوێندکاری شەڕەنگێز بەسەر مامۆستاکەی. | ٤٣ | ٤٩ | ٦٨ | ١٣ | ٣ | ٣,٦٥ | ٪٧٣ | ٦ |
| ٦ | لاوازی توانای مامۆستایان لە وانە وتنەوە و دروستکردنی کەشێکی دیموکراسە لەناو پۆل. | ٤٤ | ٦٥ | ٥١ | ٧ | ٩ | ٣,٧٢ | ٪٧٥ | ٤ |
| ٧ | نەبوونی لێپرسینەوە لەکاتی نواندنی ڕەوشتێکی توند ئامێز. | ٧١ | ٤١ | ٥٥ | ٥ | ٤ | ٣,٩٦ | ٪٧٩ | ٣ |
| ٨ | زۆری ژمارەی خوێندکار لەناو پۆلدا. | ٦٣ | ٦٨ | ٢٩ | ١٦ | ٠ | ٤,٠١ | ٪٨٠ | ٢ |
| ٩ | دواکەوتنی خوێندکار لە خوێندن. | ٣٧ | ٦٣ | ٦٠ | ١٦ | ٠ | ٣,٦٨ | ٪٧٤ | ٥ |
| ١٠ | سەرنەکەوتنی خوێندکار لە خوێندن. | ٢٨ | ٤٨ | ٦٧ | ٢٥ | ٨ | ٣,٣٥ | ٪٦٧ | ٧ |

**بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە و ئەو زانیارییانەی لە خشتەی (٤–٦) دا هاتووە تایبەت بە بواری خوێندنگە کە خۆی لە (١٠) هۆکاردا دەبینێتەوە سەرجەم هۆکارەکانی ڕاپرسەکە لە بواری خوێندنگە بەهێزن واتا ناوەندەشیاوەکانیان لە سەرو ناوەندەژمێری (٣) دەکەونە نێوان (٤,٠٦ – ٣,٣٥) وە کێشی سەدیەکەیان لە نێوان (٪٨١ – ٪٦٧) ، ئەوەی لەم ئەنجامە کەوتۆتەوە بە پێی بۆچوونی نمونەی توێژینەوەکە تایبەت بە بواری خوێندنگە دەرکەوتووە، بەڕێوەبردنی ناو خوێندنگە لاوازە لە پێدانی ڕێنمایی وە لێپرسینەوە بە پێی پێویست نیە لە خوێندگاکان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر و نەگونجاو خوێندکار هەن لە ناو پۆلێکدا، ئەمەش هۆکارە بۆ نواندنی توندوتیژی و ئاژاوە نانەوە و بەرجەستە بوونی ڕۆحی شەڕەنگێزی و دەبێتە هۆی کۆنترۆڵ نەکردنی ناو پۆل، وە نابێت ئەوەش نادیدە بگیرێت هەندێك خوێندکار بەهۆی دواکەوتنیان لە خوێندن بە هەر هۆیەك بێت توندوتیژی دەنوێنن بەهۆی هەستکردن بە کەمی لەگەڵ هاوڕێکانیان، یان دروستکردنی کەشێکی دیموکراسی لە سنور بەدەر هۆکارە بۆ توندوتیژی لای خوێندکاران، وە زۆرێك لە خوێندکاران شەڕەنگێزی وەك شانازی کردنێك بەسەر مامۆستاکاندا دەبینن وە یان نەبوونی شوێنێکی تایبەت بە کات بەسەر بردن دوای وانەکان ئەمەش یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی توندوتیژی لای خوێندکاران لە قۆناغی بنەڕەتی.**

**بە پێی ئامانجی دووەم: پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی لایخوێندکارانبە پێی وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە لە مامۆستایان، کە هەندێك پێشنیاریان پێشکەشکردووە بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئەو هۆیانەی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی لای خوێندکارانی بنەڕەتی، بە پێی دووبارە کردنەوەی چارەسەرکردنەکە لە گەورەوە بۆ بچوك.**

**٤–٢: ئەنجامی پێشنیاز و چارەسەرییەکان بۆ دیاردەی توندوتیژی:**

خشتەی (٤-٦)

**ڕوونکردنەوەی پێشنیازەکانی چارەسەرکردنی هۆکارەکانی توندوتیژی لای خوێندکاران بە پێی دووبارەکردنەوەی پێشنیارەکانیان لە بەرزەوە بۆ نزم**

| ژ | پێشنیارەکان بۆ چارەسەرکردن | دووبارە کردنەوەی وەلامەکان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | مامۆستا ڕۆلی هەبێت لە پێدانی ڕێنمایی پەروەردەیی و ئامۆژگاری کردنی خوێندکاران بە بەردەوام. | ٢٨ | ٪١٥,٩٠ |
| ٢ | دایکان و باوکان بەر پرسیارانە هەستن بە ئەرك و ڕۆلی خۆیان لە پەروەردەکردنی خوێندکارەکان. | ٢٦ | ٪١٤,٧٧ |
| ٣ | ڕێگری کردن لەو کەرەستەو ئامێرانەی کە هۆکارن بۆ دەرکەوتنی توندوتیژی وەك تەقەمەنی و چەکی پلاستیکی. | ٢٣ | ٪١٣,٠٦ |
| ٤ | ڕێگری کردن لە خوێندکاران لەکاتی بەکارهێنانی یاریە ئەلکترۆنیەکان و ئەو پرۆگرامانەی تەلفزیۆن کە گونجاو نیە بۆ تەمەنی خوێندکار لەلایەن پەروەردەکاران. | ٢٢ | ٪١٢,٠٥ |
| ٥ | دورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشەی نەشیاو بەرامبەر خوێندکاران لە خوێندنگەکان. | ١٩ | ١٠,٧٩ |
| ٦ | چاودێری کردن و ڕێنمایی کردنی خوێندکار لەلایەن مامۆستیان. | ١٧ | ٪٩,٦٥ |
| ٧ | دورکەوتنەوەی خوێندکار لە هاوڕێی خراپە. | ١٥ | ٪٨,٥٢ |
| ٨ | هاوکاری کردنی دایکان و باوکان لەگەڵ خوێندنگە. | ١١ | ٪٦,٢٥ |
| ٩ | کردنەوەی بوارەکانی چالاکی لە خوێندنگەکان. | ٨ | ٤,٥٤ |
| ١٠ | بەردەستخستنی هۆکارەکانی کات بەسەربردن. | ٧ | ٪٣,٩٧ |
| کۆ | | ١٧٦ | ٪١٠٠ |

**٤-٣: دەرئەنجامەکان:**

توێژینەوەکە گەیشت بەم دەرئەنجامانە:

٤-٣-١: هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە تایبەت بینینی فیلم و دراما شەڕەنگێزیەکان و نمایشی ئامێرە جەنگیەکان لە میدیاکان و یاریە ئەلیکترۆنیەکان ڕۆلی گەورەیان هەیە لە دروستبوونی دیاردەی توندوتیژی.

٤-٣-٢: لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە پشتگوێ خستنی خوێندکار و جیاوازی کردن لە مامەڵەکردن و نەبوونی دایك و باوك بەهەر هۆیەك بێت، وە هەستکردن بە کەمی و لاوازی باری ئابوری خێزانەکان و لاوازی ئاستی ڕۆشنبیریان دەبێتە هۆی دروستبوونی توندوتیژی لای هەندێك لە خوێندکاران.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.4

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص: ١٠٢-١٢٤
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**٤-٣-٣: لاوازی تێگەیشتن لە دەروونی خوێندکار و بەکارهێنانی سزای دەرونی وەك شکاندن و دوا کەوتنیان لە خوێندن هۆکارە بۆ توندوتیژی نواندن وەك قەرەبووکردنەوەی ئەو بارە دەروونیەی ڕوو لە خوێندکار دەکات.**

**٤-٣-٤: لاوازی تێگەیشتنی خێزان لە کێشەو گرفتەکانی خوێندکار و بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەریان هۆکارێکە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی توندوتیژی لای خوێندکار.**

**٤-٣-٥: کەمتەرخەمی و لاوازی ڕۆڵی بەڕێوەبەران و مامۆستایانی خوێندنگە و نەبوونی لێپرسینەوە لە ڕەوشتە نەخوازراوەکان، وە نەبوونی ڕێنمایی پێدانی پێویست بە خوێندکار بەشێکی ترە هۆکارەکانی توندوتیژی.**

**٤-٤: ئامۆژگاری:**

**٤-٤-١: گرنگی بدرێت بە چاودێری کردن و لێپرسینەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری، لەکاتی نمایشکردنی ئەو فیلم و درامایانەی کە دیاردەی توندوتیژی بڵاو دەکەنەوە.**

**٤-٤-٢: پێویستە ڕێگری بکرێت لە هاوردەکردنی یاری ئاگرین و ئامێرە جەنگیەکان لە دەرەوەی وڵات.**

**٤-٤-٣: دورکەوتنەوە لە هەر سزایەکی جەستەیی و دەرونی چ لەلایەن خوێندنگەوە بێت یان لەلایەن خێزانەکان و گەورەکانەوە، گوێگرتن لە کێشەو گرفتەکانیان.**

**٤-٤-٤: گرنگی دان بە لایەنی دەروونی خوێندکار و ڕێنمایی پێدانی بەردەوام لەلایەن پسپۆڕانی پەروەردەیی و دەرونی لە خوێندنگەکان، وە باشترکردنی ڕۆڵی توێژەرە دەروونیەکان و چاودێرە کۆمەڵایەتیەکان.**

**٤-٥: پێشنیاز:**

**٤-٥-١: ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە ناونیشانی "هۆکارەکانی سەرهەڵدانی توندوتیژی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی"**

**٤-٥-٢: ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە ناونیشانی "بەراورد کردنی ڕادەی بڵاوبونەوەی توندوتیژی لە نێوان شارو گوند"**

**سەرچاوەکان:**

**به کوردی:**

1- **جەمال، سۆزان (٢٠٠٩) سایکۆلۆژی و مێیەتی، دهۆك، چاپخانەی خانی.**
2- **قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠٠٩) سایکۆلۆژیای گەشە** (منالْ و هەرزە کار) **سلیمانی**
3- **محمد، ئاوات .(٢٠٠٣) توندوتیژی خێزانی، سلیمانی .ڕێکخراوی ئاسودە.**
4- **محمد، لەیلاعەبدولاّ وسەلیم، چۆمان ئەحمەد (٢٠١٠) مامەڵەی خێزان و قۆناغی هەرزەکاری.**
5- **نامارا، باری مك و فرانسین مك (٢٠١٠) کلیلەکانی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی نێوان منالأن و گەنجان، و.هەڵکەوت وەلی.**

**به عەرەبی:**

6- أبو السعود ، سعيد طه محمود (٢٠١٠) **إعداد المعلم وتحديات المستقبل** ، بحث منشور في مجلة كلية التربية بالزقازيق ، العدد (٦٧).

7- أبو حميد, سعد ناصر (٢٠٠٣) **العوامل الاجتماعية وعلاقتها بالسلوك الإجرامي**, أكاديمية نايف العربية للعلوم الأمنية, رسالة ماجستير, غير منشورة.

8- باظه ، آمال عبد السميع مليجي (١٩٩٧) **الشخصية والاضطرابات السلوكية والوجدانية** ، الطبعة الأولى ، مكتبة الانجلو المصرية ، القاهرة. نقلًا عن (الشمري، صاحب أسعد ويس (٢٠١٢) أسباب العنف لدى التلاميذ المرحلة الإبتدائية من وجهة نظر المعلمين والمعلمات، مجلة درسات التربوية، عدد ١٨، بحث منشور،جامعة تكريت – سامرتء، ص٢٢٧ - ٢٣١).

9- البستاني ، بطرس (١٩٩٧) **محيط المحيط** ، ساحة الصلح للنشر ، بيروت ، لبنان .

10- بن دريدي ،فوزي أحمد (٢٠٠٧) **العنف لدى التلاميذ في المدارس الثانوية الجزائرية**، مركز الدراسات والبحوث ، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية ، الرياض ، المملكة العربية السعودية.

11- البهرزي, علاء شاكر محمود (١٩٨٩) **تحليل التفاعل بين المدرس و طلبتِ في مواد العلمية الفنية في قسم تربية الفنية في كلية فنون الجميلة** , جامعة بغداد, رسالة ماجسترغير منشورة.

12- جابر ، جابر عبد الحميد (١٩٩٠) **نظريات الشخصية : البناء . الديناميات . النمو . طرق البحث . التقويم** ، دار النهضة العربية ، القاهرة ، مصر. نقلاً عن الشمري (ص٢٣٠)

13- الجندي، السيد محمد عبدالرحمن (١٩٩٩) **دراسة تحليلية إرشادية لسلوك العنف لدى تلاميذ المدارس الثانوية**، مجلة الإرشاد النفسي، القاهرة (١١). السنة السابعة.

14- دافيدوف ، لندا ل (١٩٨٣) **مدخل علم النفس** ، الطبعة الرابعة ، ترجمة : سيد الطواب وآخرون ، دار ماكجروهيل.

15- داكو .بيير (١٩٨٨) **المراهقة و الجنس**، ترجمة (اسكندر و اركان بيسون :بغداد .دارالتربية.

16- الدوري. عدنان(١٩٨٤)**أسباب الجريمة وطبيعة السلوك الإجرامي**، ط ٣ دار السلاسل للنشر والتوزيع الكويت.

17- صالح ، قاسم حسين (١٩٨٨) **الشخصية بين التنظير والقياس** ، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي ، جامعة بغداد. نقلاً عن الشمري (ص٢٣٣)

18- صبحي ، سيد (٢٠٠٣) **الإنسان وصحته النفسية** ، الدار المصرية اللبنانية.) نقلاً عن الشمري، ص ٢٣١

19- طلفاح ، عدنان وقتيبة مخلف عباس (٢٠٠٨) **أسباب تفشي ظاهرة العنف والعدوان في العراق**، بحث منشور في مجلة سرأ من رأى، المجلد (٤) العدد (١٠)، كلية التربية – سامراء.

20- الطيار ، فهد بن علي عبد العزيز (٢٠٠٥) **العوامل الاجتماعية المؤدية للعنف لدى طلاب المرحلة الثانوية : دراسة ميدانية لمدارس شرق الرياض** ، رسالة ماجستير غير منشورة ، كلية الدراسات العليا ، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية ، الرياض ، المملكة العربية السعودية .

21- عباس ، فيصل (١٩٩٦) **الاختبارات النفسية تقنياتها وإجراءاتها** ، الطبعة الأولى ، دار الفكر العربي ، بيروت ، لبنان.

22- عبد المحمود ، عباس أبو شامة ومحمد الأمين البشري (٢٠٠٥) **العنف الأسري في ظل العولمة** ، مركز الدراسات والبحوث ، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية ، الرياض، السعودية .

23- العقاد ، عصام عبد اللطيف (٢٠٠١) **سيكولوجية العدوانية وترويضها : منحى علاجي معرفي جديد** ، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع ، القاهرة ، مصر.) نقلاً عن الشمري، ص٢٣٢

24- العكيلي, أحمد عبدالزهرة سعد (١٩٩٠) **تقويم كتاب العلوم الموحد لدول الخليج العربي** , للصفين الأول و الثاني في وجهه نظر المعلمين و المشرفين , (رسالة ماجستر غير منشورة) , كلية التربية، جامعة بغداد.

25- علي ، علي إسماعيل (١٩٩٥) **نظرية التحليل النفسي واتجاهاتها الحديثة في خدمة الفرد** ، دار المعرفة الجامعية ،الإسكندرية ، مصر.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.4

المجلد (٢) – العدد(٢) ,كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

26- العيسوي، عبدالرحمن (٢٠٠٠) **اضطرابات الطفولة والمراهقة وعلاجها** ، الطبعة الأولى ، دار الراتب الجامعية ، بيروت، لبنان.

27- العيسوي، عبدالرحمن (٢٠٠٧) **سيكولوجية العنف المدرسي والمشاكل السلوكية** ، دار النهضة العربية ، بيروت ،لبنان.

28- فقيهي ، محمد بن علي محمد (٢٠٠٨) **المشكلات السلوكية لدى المراهقين المحرومين من الرعاية الأسرية في المملكة العربية السعودية** ، رسالة ماجستير غير منشورة ، كلية الدراسات العليا ، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية ، الرياض ، المملكة العربية السعودية.

29- قطامي، نايفة ومحمد برهوم (١٩٨٩) طرق دراسة الطفل، الطبعة الأولى، دار الشروق، عمان، الأردن .

30- مختار ، وفيق صفوت (١٩٩٩) **مشكلات الأطفال السلوكية الأسباب وطرق العلاج** ، الطبعة الأولى ، دار العلم والثقافة ، القاهرة ، مصر.

31- منظمة الصحة العالمية (٢٠٠٢) **التقرير العالمي حول العنف والصحة** ، المكتب الإقليمي لمنظمة الصحة العالمية لشرق المتوسط ، القاهرة ، مصر.

32- الهاشمي ، عبد الحميد محمد (٢٠٠٨) **المرشد في علم النفس الاجتماعي** ، دار ومكتبة الهلال ، بيروت ، لبنان.

33- الهمشري ، محمد علي قطب و وفاء محمد عبد الجواد (٢٠٠٠) **عدوان الأطفال** ، الطبعة الثانية ، مكتبة العبيكان ، الرياض ، المملكة العربية السعودية.) نقلاً عن الشمري، ص٢٣٢(

34- هويدي ، محمد وسعيد اليماني (٢٠٠٨) **السلوكيات غير المقبولة من وجهة نظر المعلمين لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية بمملكة البحرين**، بحث منشور في مجلة العلوم التربوية والنفسية، كلية التربية، جامعة البحرين، المجلد (٨) لعدد (١)

35- هيكل، عبد العزيز فهمي (١٩٩٥) **طرق التحليل الإحصائي**، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.

36- اليازجي ، ندرة (١٩٩٨) **دراسات في الحياة النفسية والاجتماعية** ، الطبعة الأولى ، المجلد الثاني ، مطبعة اليازجي ، دمشق ، سوريا.

**به ئينگليزى:**

37. Finkelhor. D etal (2009): **Children s Exposure to Violence: A Comprehensive National Survey,** Office of justice Program, U.S Department of Justice, USA

38. Paul. H. Etal (1990): **Child Development and Personal it,** seventh edition, Harper & Row Publishers, New York, USA.